ئەکادیمیای کوردی
KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستانی عیراق

## (توێژینەوەیەکە لە جوگرافیای پەرەپێدان)


**پ.د. هیوا صادق سلیم**
کۆلێژی ئاداب / جوگرافیا
زانکۆی صلاح الدین
hiwa.saleem@su.edu.krd

**پ.ی.د. ساکار بهاءالدین عبدالله**
کۆلێژی ئاداب / جوگرافیا
زانکۆی صلاح الدین
sakar.abdulla @su.edu.krd

**سیروان حسین اسماعیل**
قوتابی دکتۆرا
لە زانکۆی سەلاحەددین
sirwanmexmuri@gmail.com



**پوختە:**

پرسـی دانیشـتوان و پەرەپێـدان یەکێکـە لـە پرسـە گرنـگ و زینـدووەکان لـە ئێسـتادا، کـە ئەمـەش شـایەنی سـەرنج وەسـتانە لەسـەری بەبەردەوامـی، ئەمـە وێـڕای سـەرهەڵدانی کێشـەی گـەورە و ئاڵـۆز و تێگەیشـتن لەپەیوەنـدی نێوانیـان، بۆیـە توێژینـەوە لەسـەر دانیشـتوان و پەرەپێـدان گەیشـتنە بـە ئـەو پەیوەنـدی و تێکەلاوییـەی لەنێـوان دیاردەکانـی دانیشـتوان و پەرەپێدانـدا هەیـە. ئەمـەش لەڕێگـەی دیاریکـردن و شـیکردنەوەی کاریگـەری ئـەو گۆڕانکارییەکانـی دانیشـتوان لەسـەر پرۆسـەی پەرەپێدانـی ئابـووری، کۆمەڵایەتـی، کولتـووری و سیاسـی، هەیەتـی، بۆیـە گۆڕانـی گـەورە بـە سـەر قەبـارەی دانیشـتوانی هەرێـم دا هاتـووە کەئەمـەش دەرئەنجامـی زیادبوونـی سروشـتی و کۆچکردنـەوە بـووە، ئەمـەش کـە لەدواجـار کاریگـەری نەرێنـی لـە سـەر پەرەپیـدانی مرۆیـی بەجێهێشـتووە, چونکـە ئـەم گەشـە خێرایـەی دانیشـتوان بۆتـە لەمپـەر لـە بـەردەم سـەرکەوتنی پـرۆژەکانی پەرەپێـدانی کۆمەلایـەتی و ئابـووری و فەراهـەم نەکـردنی ئاسـتی داواکارییـەکانی خەڵـك لـە خزمەتگوزارییـە جـۆراو جۆرەکانـدا, بەجۆرێـك ڕێـژەی شارنشـین لەبەرزبوونـەوەی بـەردەوام دایـە بەتایبەتـی لـە پارێزگاکانـی سـلێمانی و هەڵەبجـە و هەولێـر. گرنگـی ئـەو بابەتـە لـەوە دایـە کەپەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بەژیـانی دانیشـتوانەوە هەیـە چونکـە بەئامانـج و میکانزمـی سـەرەکی پەرەپێـدان دادەنرێـن، هەروەهـا ئامانجـی سـەرەکی ئـەم توێژینەوەیـە دیاریکردنـی کاریگـەری تایبەتمەندییەکانـی دانیشـتوانە لەسـەر پەرەپێدانـی مرۆیـی یـە لەهەرێمـی کوردسـتان، یەکێـك لـە دیارتریـن ئـەو ئەنجامانـەی توێژینەوەکـە پێـی گەیشـتووە ڕێـژەی شارنشـین لەبەرامبـەر گوندنشـینان بـەردەوام لەبەرزبوونـەوە دایـە بەجۆرێـك لەسەرئاسـتی هەرێـم (٧٨٪) بـووە لەبەرامبـەردا ڕێـژەی گوندنشـینان (٢٢٪) بـووە، هەروەهـا لەئەنجامەکانـی تـری توێژینـەوە گروپـی تەمەنـی نێـوان ١٥ – ٦٠ گەورەتریـن گـروپ بـووە ڕێژەکـەی (٦٠٪) بـووە لەسەرئاسـتی هەرێـم.



کلیلەوشەکان: پەرەپێدانی مرۆیی، گەشەی دانیشتوان، دابەشبوونی جوگرافی، پێکهاتەی دانیشتوان

**پێشەکی:**

لێکۆڵینـــەوە لـــە تایبەتمەندییەکانـــی دانیشـــتوانی لـــە هـــەر ناوچەیـــەک گرنگییەکـــی زۆری هەیـــە بـــەو پێیـــەی مامەڵـــە لەگـــەڵ پرســـە بنەڕەتییەکانـــی پەیوەســـت بـــە دابەشـــبوونی دانیشـتوان و گەشـەکردن و پێکهاتـە و ئـەو گۆڕانکاریانـەی کـە لـە ڕووی شـوێنی و کاتییـەوە بەسـەر ئـەم تایبەتمەندیانـەدا ڕوودەدەن دەکات، هەربۆیـە لێکۆڵینـەوە لـەو تایبەتمەندیانـە سـەرچاوەی سـەرەکی پلاندارێژەرانـە بـۆ دیاریکردنـی پێداویستییەکانی کۆمەڵـگا بەمەبەستی پەرەپێدانـی لەهەمـوو بـوارە جیاجیاکانـی کۆمەڵـگاوە، ئەمـە وێـڕای ئـەوەی دانانـی بەرنامـەی پەرەپێدانـی جۆراوجـۆر بەتایبەتـی بـۆ فێـرکاری و تەندروسـتی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی.

بۆیـە توێژینـەوە لـە قەبـارەی دانیشـتوان و تێکڕاکانـی گەشـەکردن گرنگییەکـی زۆری هەیـە، چونکـە کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لەسـەر هەوڵەکانـی پەرەپێـدان و دیدگاکانـی داهاتـوو هەیـە، بـەو پێیـەی گەشـەی دانیشـتوان یەکێکـە لـە دیـاردە هـەرە دیارەکانـی دیمۆگرافـی لـە سـەردەمی ئێسـتادا، هەروەهـا گرنگییەکـەی زیاتـر بەدیاردەکەوێـت لـە کاتـی دارشـتنی سیاسـەتی دانیشـتوان و پلانـی داهاتـوو، ئەمـەش بەمەبەستی پەرەپێدانـی تواناکانـی پەروەردەیـی و تەندروسـتی و گوزەرانـی دانیشـتوانەوە دەبێـت.

**یەکـەم/ گرنگـی توێژینـەوە:** گرنگـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لـەم خالانـەی خـوارەوە بەدیاردەکەوێـت:

١. پەیوەنـدی راسـتەوخۆی بەژیـانی دانیشـتوانەوە هەیـە چونکـە بەئامانـج و میکانزمـی سـەرەکی پەرەپێـدان دادەنرێـن.
٢. بەرزکردنـەوەی ئاسـتی پەرەپێـدانی مرۆیـی ودانـانی سـنوورێک بـۆ رادەی جیـاوازی شـوێنی و کەمکردنـەوەی جیـاوازی توانـا مرۆییـەکان لەنێـوان پارێزگاکانـدا.
٣. راسـپاردنی لایـەنی پەیوەنـدار لـە دووبـارە دابەشـکردنی پـرۆژەکانی وەبەرهێنـانی پەرەپێـدان و ئاراسـتەکردنی بـۆ ئـەو پارێزگایانـەی کـە بـێ بەشـن لـەم خزمەتگوزارییانـە.

**دووەم/ گرفتـی: توێژینـەوە:** کێشـەی ئـەم لێکۆلینەوەیـە لـەم خالانـەی خـوارەوە بەدیاردەکەوێـت ئایـا تایبەتمەندییـەکانی دیمۆگرافـی دانیشـتوانی پارێـزگاکانی هەرێمـی کوردسـتان کاریگـەری لەسـەر نیشـاندەرەکانی پەرەپێـدانی مرۆیـی هەیـە؟

**سێیەم/ گریمانەی توێژینەوە:**

١. بـوونی جیـاوازی لەنێـوان پارێـزگاکانی هەرێـم سـەبارەت بـە نیشـاندەرەکانی پەرەپێـدانی مرۆیـی، بۆتـە هـۆی جیـاوازی ئاسـتەکانی بـێ بەشـبوونی مرۆیـی لەنێـوان پارێزگاکانـدا.
٢. نەگونجـانی قەبـارەی دانیشـتوان لەگـەل نیشـاندەرەکانی پەرەپێـدانی مرۆیـی لەنێـوان پارێـزگاکانی هەرێمـدا.
٣. تایبەتمەندیەکانـی سروشـتی ومرۆیـی رۆلـی سـەرەکی دەبینـن لـە پلانەکانـی وەبەرهێنـان و پـرۆژەکانی پەرەپێـدانی مرۆیـی لەهەرێمـی کوردسـتان.

**چوارەم/ ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجـی سـەرەکی ئـەم توێژینەوەیـە دیاریکردنـی کاریگـەری تایبەتمەندیەکانـی دانیشـتوانە لەسـەر پەرەپێدانـی مرۆیـی یـە لەهەرێمـی کوردسـتان.

**پێنجەم/ میتۆدی توێژینەوە:**

بەمەبەسـتی پێکانـی ئامانجـی لێکۆڵینەوەکـە پشـت بەچەنـد میتۆدێکـی جیـاواز بەسـتراوە لەوانـە میتـۆدی هەرێمـی لەدیاریکردنـی جیـاوازی شـوێنی لەنێـو یەکـە کارگێرییـەکان و پارێزگاکانـدا، ئەمـە وێـرای ئەمـە پشـت بـە میتـۆدی شـیکردنەوەی وەسـفی بەسـتراوە بـۆ نیشـاندەرەکان و شـیکردنەوەی شـوێنی و ئامـاری بـۆ داتـا و زانیارییـە جوگرافـی و دیمۆگرافیەکانـی تایبـەت بەناوچـەی لێکۆڵینـەوە، هەروەهـا بەئامانجـی وەدەستخسـتنی هەرچـی زیاتـری داتـا و ئامـاری پێویسـتیش کـە لێکۆڵینەوەکـە پێویسـتی پـێ هەبـووە، هەروەهـا پشـت بەبەرنامـەی gis بەسـتراوە بـۆ نەخشـەکان.

شەشـەم/ پلانـی توێژینـەوە؛ ئـەم تویژینەوەیـە بەسـەر دوو تـەوەرەدا دابەشـکراوە؛

١. تەوەرەی یەکەم/ چەمکی پەرەپێدانی مرۆیی.

٢. تـــەوەرەی دووەم/ تایبەتمەندییـــەکانی دانیشـــتوان و کاریگـــەری لەســـەر پەرەپێـــدانی مرۆیـــی لـــە هەرێمـــی کوردســـتانی عێـــراق

حەوتەم/ ناوچەی توێژینەوە؛

١- سنووری شوێنی:

پێـش ئـەوەی باسـی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە بکەیـن پێویسـتە باسـی سـنووری کوردسـتانی عێـراق بکەیـن، کـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی شـارۆچکەی (بـەدرە) لەپارێـزگای واسـت دەسـت پـێ دەکات، بـەرەو باکـوور دەڕوات و لەڕۆژئـاوای شـارۆچکەی مەندەلـی هەلدەکشـێ بەتەنیشـت بەرزاییەکانـی حەمرینـەوە تـا فەتحـە دەڕوا شـان بەشـانی ڕووبـاری دیجلـە سـەردەکەوێ و لەباکـووری شـاری موسـڵ بـەرەو باشـووری ڕۆژئـاوا ڕووە شـارۆچکەی حـەزەر دادەکشـێ، لەوێشـەوە ڕوودەکاتـە ڕۆژئـاوا بـەرەو سـنووری عێـراق ـ سـووریا لەباکـووری شـارۆچکەی بەعـاج.

سـەبارەت بـە ڕووپێـوی کوردسـتانی عێـراق لەسـاڵی (٢٠٠٩) بریتیـە لـە (٧٨٧٣٦)کـم$^{2}$، کـە دەکاتـە زیاتـر لـە (١٨٪)ی سـەرجەمی ڕووبـەری خاکـی عێـراق، ئـەم ناوچانـەش لەخۆدەگرێـت (محمـد، ٢٠١٢، ل٢٤-٢٥) :

أ) پارێزگاکانی : هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکووك.


ب) هەمـوو ناحیـە و قەزاکانـی پارێـزگای نەینـەوا بێجگـە لەقەزاکانـی موسـڵ، بەعـاج، حـەزەر.

ج) قەزای دووز لە پارێزگای سەلاحەددین (تکریت).

د) قەزاکانـی خانەقیـن، کفـری، مەندەلـی بێجگـە لـە (ناحیـەی بەلـەدروز) لەپارێـزگای دیالـە.

هـ) ناوەنـدی قـەزای بـەدرە لـە پارێـزگای واسـت. هەروەکـو لەنەخشـەی ژمـارە (١) دیـارە

باسـکردنی چەمکـی کوردسـتانی عێـراق بنەمایەکـە بـۆ چەمکـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق کـە لەرێکەوتنامـەی (١١ ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠)دا ئامـاژە بـەم نـاوە کـراوە وەك ناوچـەی کوردسـتان بـۆ (حکـم ذاتـی)، هـەر لەسـاڵی (١٩٩٢)دا پەرلەمانـی کوردسـتان بڕیـاری لەسـەر داوە و دواتـر سـاڵی (٢٠٠٤) لـە یاسـای کاتـی بـۆ بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـی عێراقـی و پاشـان لەدەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق لەسـاڵی (٢٠٠٥) ئـەم




نەخشەی (١) شوێنی فەلەکی و جوگرافی کوردستانی عێراق

ناوەیـە ئامـاژەی پێکـرا (حسـین، ٢٠١٥، ل٢٤٧).

سـەبارەت بەسـنووری ناوچـەی لێکۆڵینـەوە هەریـەك لـەم ناوچانـە لەخـۆ دەگرێت(وەزارەتـی پلاندانـان، ٢٠١٩):

أ) پارێـزگاکانی هەرێمـی کوردسـتان (هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆک، هەڵەبجـە) دەگرێتـەوە.

ب) قـەزای مەخمـوور لەگـەڵ ناحیەکانـی (ناوەنـدی قـەزا، قـەراج، کەندێنـاوە، مەلاقـەرە، گوێـر) لەپارێـزگای هەولێـر دەگرێتـەوە.

ج) قـەزای شـێخان لەگـەڵ ناحیەکانـی (ناوەنـدی قـەزا، ئەتـروش، باعـەدرێ، زیلـکان، کەلەکچـی، قـەسرۆك ) لەپارێـزگای دهـۆك لەخۆدەگرێـت.

د) لـە قـەزای خانەقیـن هەریـەك لـە ناحیەکانـی (قۆرەتـوو، مەیـدان) لەخۆدەگرێـت.


هـ) ناحیەی (بەمۆ) لە پارێزگای هەڵەبجە دەگرێتەوە.

هەروەهـا لـەڕووی فەلەکـی یـەوە هەرێمـی کوردسـتان دەکەوێتـە نێـوان بازنـەی پـانی (٣٠ ٣٤°- ٣٠ ٣٧°)باکـوور و نێـوان هێـلی درێـژی (١٥ ٤٢° - ٣٠ ٤٦°) ڕۆژهـەڵات.

لـەڕووی جوگرافیـەوە وولاتی تورکیـا کەوتۆتـە باکـووری و لـە باکـووری ڕۆژهـەڵاتی و باشـووری ڕۆژهـەڵاتی هەرێمـی

کوردستان کۆماری ئیسلامی ئێرانە، لەبەشی باشووری پارێزگای دیالەیە، هەریەک لە پارێزگاکانی سەلاحەددین و کەرکوک دەکەونە بەشی باشووری رۆژئاوای، هەروەها لەبەشی رۆژئاوای پارێزگای نەینەوایە و هەروەها لەبەشی باکووری رۆژئاوای وولاتی سوریایە، هەروەکو لەنەخشەی (٢) دیارە.

سەبارەت بە رووپێوی هەرێمی کوردستان بریتیە لە (٥, ٤٧٠٩٤) کم٢،ئەم رووپێوەش نزیکەی (٨, ٥٩٪) سەرجەمی رووبەری کوردستانی عیراق دەگرێتەوە کە (٧٨٧٢٦)کم٢، ئەم رووبەرەی هەرێمیش بەم شێوەیە دابەش بۆتە سەر پارێزگاکان، رووبەری پارێزگای هەولێر بە رێژەی (٣١,٥٩٪) لە کۆی رووبەری هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە، سەبارەت بە پارێزگای سلێمانی رێژەی رووبەرەکەی بە پلەی یەکەم دێت کە دەگاتە (٤٢,٧٧٪) لە کۆی رووبەری هەرێم، هەروەها پارێزگای دهۆك رێژەی رووپێوەکەی بریتی بووە لە (٢٣,٣٤٪)، هەروەها رێژەی رووبەری پارێزگای هەلەبجەش بریتی بووە لە (٢,٣٪) لە کۆی رووبەری هەرێمی کوردستان (وەزارەتی پلاندانان، ٢٠٢٠).




نەخشەی -٣- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

- سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم سەرچاوەی پێشوو

٢- سنووری کاتی لێکۆڵینەوە:

ئەو ماوەیە کە توێژینەوەی لەسەر کراوە بریتی یە لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩ -٢٠٢١) دەگرێتەوە.

## تەوەرەی یەکەم/ چەمکی پەرەپێدانی مرۆیی.

### ١. پەرەپێدان Development:

پەرەپێدان لەرووی زمانەوانییەوە بەواتای زیادبوون و گەشەسەندن و زۆربوون و فەرەمبوون دێت، بابەتی پەرەپێدان یەکێکە لەو بابەتانەی بۆتە جێگای بایەخی چەندین زانستی جیاوازی نموونەیی ئابووری و کۆمەڵناسی و جوگرافی.....هتد.

هەر ئەمەشە وایکردووە کەتوێژەران و پسپۆران و وولاتان تاوەکو ئێستا کۆك نەبن لەسەر پێناسەیەکی وورد و دیاریکراو بۆ ئەم چەمکە بەو واتایەی چەمکی پەرەپێدان چەمکێکی گشتگیرە لەگۆڕانی بەردەوام دایە، چونکە سروشتی ئاراستەکانی پەرەپیدان زیاتر سروشتێکی هزری و ئایدۆلۆژی هەیە، ئەمەش وایکردووە دیاریکردنی تەوەر و رەهەندە ئابووری و کۆمەلایەتی و شوێنیەکانی کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام لەگەڵ بوونی هەموو ئەو جیاوازییانەش توێژەران هەموو لەسەر خاڵێك کۆکن ئەویش ئەوەیە کەمرۆڤ ئامانج و ئامرازی پەرەپێدانە(الدليمی، ٢٠٠٩، ص٢).

### ٢. جوگرافیای پەرەپێدان Geography of Development:

جوگرافیای پەرەپێدان لقێکە لەلقەکانی جوگرافیای مرۆیی کەبایەخ دەدات بەجیاوازی شێوازەکانی ژیان لەسەر رووی زەوی کەبێگومان ئەو جیاوازیەش دەرئەنجامی جیاوازی جۆر و چۆنیەتی بەکارهێنانەکانی زەوییە لەلایەن ئادەمیزادەوە هەربۆیە پەیوەندی نێوان جوگرافیا و پەرەپێدان پەیوەندیەکی جەدەلیە ناتوانین لەیەکیان جیابکەینەوە، چونکە پەرەپێدان بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە پرۆسەی گواستنەوە و گۆران لە بارودۆخێک بۆ بارودۆخێکی باشتر لەرووی پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤەوە (الجبوری، ٢٠١٤، ص١٣).

چەمکی جوگرافیای پەرەپێدان چەندین لایەن لەخۆدەگرێت وەک گۆرانی زەوی و ژیانی مرۆڤ کە کاریگەری هەیە لەسەر نەبوونی دادپەروەری لەگشت لایەنەکانی ژیان،

کاتێــک هەڵبــژاردەی مرۆڤــەکان فــراوان دەبێــت و خــۆی لــە پێکهاتــەکانی رامیــاری و کۆمەڵایــەتی و رۆشــەنبیری دەبینێتــەوە ئەوســا تێگەیشــتن لەچەمکــی پەرەپێــدان زیاتردەبێت(العانــی، ٢٠١٤، ص٨).

**٣. پەرەپێدانی مرۆیی (التنمیة البشریة) Human Development**

ســەبارەت بــە چەمکــی پەرەپێــدان زیاتــر لــە دەربڕینێــک بەکارهێــنراوە بــۆ ئــەم چەمکــە، هەربۆیــە لەســەرەتادا بــە پەرەپێدانــی ڕەگــەزی مرۆیــی دەنــاسرا یــان پەرەپێدانــی ســەرمایەی مرۆیــی یــان پەرەپێدانــی ســەرچاوە مرۆییــەکان یاخـود بـە پەرەپێدانـی کۆمەڵایەتـی ناسرابـوو، تـا ئـەو کاتـەی چەمکەکـە لـە سـاڵی ١٩٩٠ لـە فۆرمێکـدا جێگیـر بـوو لەلایـەن بەرنامـەی پەرەپێدانی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە ئەمـەش کاتێ ڕاپۆرتــی پەرەپێدانــی مرۆیــی دەرکــرا، بەشــێوەیەکی تێــر و تەســەل تیشك خرایـە سـەر چەمکی پەرەپێدانـی مرۆیی، کـە تێیـدا هاتـووە فراوانکردنـی بژاردەکانـی خەڵکـە و ڕەخسـاندنی دەرفەتــی زیاتر(القصیــر، ٢٠١٧، ص٢٤). هەربۆیــە بەشــێک لەتوێــژەران وای دەبینیــن کــە پەرەپێــدانی مرۆیــی بریتیــە لــە زیادبـوونی هـەلی بـژاردەکان، داهـات تەنهـا یەکێـک نیـە لـەم هەلانــە کــە ژیــانی مــرۆڤ دەگرێتــەوە، بەلکــو پەرەپێــدانی مرۆیـی بەمانـای فراوانبـوونی بـژاردە بەردەسـتکراوەکانی خەلـک دەگەینــێ و لــەم بژاردانەشــدا ئەوانــە لەخۆدەگرێت(حمــد، ٢٠١١، ص١١٤):

- پێویسـتە مـرۆڤ لـە ژیانێکـی درێـژ و تەندروسـت بژێـت و دووربێـت لـە نەخۆشـیەکان.
- پێویستە مرۆڤ زانیاری و فێربوون بەدەستبهێنێت.
- پێویستە مرۆڤ بارو گوزەرانیکی شیاوی هەبێت.

ســەبارەت بەڕەهەنــدی مێژوویــی هەیــە بەجۆرێــك بیــری ئابــووری کــۆن و لەســەر دەســتی دیارتریــن زانــا (ئــادەم ســمیث) کەجەخــت لەســەر گرنگــی ڕەگــەزی مرۆیــی دەکاتــەوە، بەجۆرێــك کــە گرنگــی بــە خــاوەن ســەرمایەی مــرۆڤ و داهاتــی نەتەوەیــی و داهاتــی تاکەکەســی دانیشــتوان دەدات، ئەمــەش لەڕێگــەی کارکــردن و جەخــت کردنــەوە لەســەر رۆڵــی گرنگــی فێرکــردن و راهێنــان لــە پرۆســەکانی بەرهەمهێنان(الدلیمــی، الموســی، ٢٠٠٩، ص٢٤).

هەروەهـا (بـۆل سـتریتن) دەڵـێ چەمکـی پەرەپێدانـی مرۆیـی خــۆی لــە باشــترکردنی بارودۆخــی مرۆیــی و فراوانکردنــی بژاردەکانــی خەڵــك دەبینێتــەوە (الدعمــة، ٢٠٠٩، ص١٦).

هەروەهــا پەرەپێدانــی مرۆیــی دوو لایــەن لەخــۆ دەگرێــت: یەکەمیــان بنیادنانــی تواناکانــی مــرۆڤ بــۆ باشــتکردنی ئاســتەکانی تەندروســتی و زانیــن و کارامەیــی، دووەمیــان بریتیــە لــە بەکارهێنانــی توانــا بەردەســتەکانی خەڵــك لەکاتەکانــی بۆشــایی یاخــود بەمەبەســتی بەرهەمهێنــان و یـان کاروبارەکانـی رۆشـەنبیری و کۆمەڵایەتـی و رامیـاری، کـە لەکاتـی نەبوونـی یەکسـانی لەنێـوان هـەردوو لایـەن دەبێتـە مایــەی دروســتبوونی نائومێــدی (لبیــب، ٢٠٠٣، ص١٧٧).

دەتوانیــن پێناســەی پەرەپێــدانی مرۆیــی بکەیــن بڵێــن (پرۆســەیەکە کــە چــوار چیــوە بــژاردەکان فراوانــتر دەکات لەبەرامبــەر خەلــک (جابــر، جاسـم، ٢٠٠٩، ص١٤٠)، گرنگتریــن ئــەو بژاردانــەش خۆیــان لــە ژیانێکــی درێــژ خایــەن بــە تەندروســتیەکی بــاش و فێرکــردن و باروگوزەرانێکــی شــیاو دەبینــەوە، لەپــاڵ بــژاردەی تــری وەک (ئــازادی سیاســی و مــافی مــرۆڤ) بــە جۆریــك کــە تــەواوی پێکهاتــە جیــاوازەکان ڕێزیــان لێ بگیرێــت و توانــای تێکەڵبوونیــان لەگــەڵ کەســانی تــر هەبیــت) (محمــود، ٢٠١٣، ص٢٤).

**تــەوەرەی دووەم/ تایبەتمەندییــەکانی دانیشــتوان و کاریگــەری لەســەر پەرەپێــدانی مرۆیــی لــە هەرێمــی کوردســتانی عیــراق:**

پرســی دانیشــتوان و پەرەپێــدان یەکێکــە لــە پرســە گرنــگ و زینــدووەکان لــە ئێســتادا، کــە ئەمــەش شــایەنی ســەرنج وەســتانە لەســەری بەبەردەوامــی، ئەمــە وێــڕای ســەرهەڵدانی کێشــەی گــەورە و ئاڵــۆز و تێگەیشــتن لەپەیوەنــدی نێوانیــان، بۆیــە توێژینــەوە لەســەر دانیشــتوان و پەرەپێــدان گەیشــتنە بــە ئــەو پەیوەنــدی و تێکەلاوییــەی لەنێــوان دیاردەکانــی دانیشـتوان و پەرەپێـدان هەیـە. ئەمـەش لەڕێگـەی دیاریکـردن و شــیکردنەوەی کاریگــەری ئــەو گۆڕانکارییەکانــی دانیشــتوان لەســەر پرۆســەی پەرەپێدانــی ئابــووری، کۆمەڵایەتــی، کولتــووری و سیاســی، هەربۆیــە خراپــی بەکارهێنانــی دەرامەتــەکان لەلایــەن دانیشــتوانەوە دەبێتــە هــۆی زیادبوونــی ژمــارەی هــەژاری و زیادبوونــی قەبــارەی جیــاوازی داهــات و ســەروەت ئەمــە وێــڕای ئــەوەی تێکــڕای بێــکاری و کۆچکردنــی

گوندنشـــینان بــۆ شــارەکان زیاتــر دەبێــت و ناهاوســەنگی ژینگــە دروســت دەبێــت، بۆیــە هــەر هەرێمێــك دەرامەتــی جۆراوجـۆری هەبێـت پێویسـتی بەدانیشـتوانی شـارەزا و پسـپۆر بــۆ وەبەرهێنانــی ئــەم دەرامەتانــە هەیــە، هەروەهــا پێویســتی بــە دارشــتنی پلانێکــە کــە داتــا جۆراجۆرەکانــی دانیشــتوان پشــتی پــێ دەبەســتن ئەمــەش لەڕێگــەی ســەرژمێرییەکانی دانیشـتوانەوە ئـەم داتایانـە بەدەسـتدەهێنین لـەڕووی قەبـارە و تێکڕاکانــی گەشــە و دابەشــبوونی دانیشــتوانەوە و زانینــی هەرەمـــی دانیشـــتوان و تەمەنیانـــەوە بەگوێـــرەی ڕەگـــەزەوە و ئاســـتی پەروەردەیان(الخفـــاف، ٢٠٠٥، ص١٠٣)، هەربۆیـــە دەتوانیــن ســیفات و تایبەتمەندییەکانــی هەرێمــی کوردســتان کەپەیوەنــدی بــە پەرەپێدانــی مرۆیــی هەیــە بــەم شــێوەیە باســی بکەیــن:

**١. گەشەی دانیشتوان (النمو السكاني)Population Growth**

مەبەسـت لـە گەشـەی دانیشـتوان هەمـوو ئـەو گۆڕانانەیـە کـە بــە ســەر قەبــارەی دانیشــتوان دا دیــت لــە کات و شــوینیکی دیاریکـراودا، ئەمــەش پشــت بــە هــەردوو جوولــەی سروشــتی و شــوینجیی دانیشــتوان دەبەســتیت کــە هــەر ســێ توخمــی ( لـە دایـك بـوون و مـردن و کـۆچ )تیایـدا بـەژدارن، گەشـەی دانیشــتوان لــە کاتی ئیســتادا بــە یەکیــك لــە گرنگتریــن ئــەو ئالەنگاریيانــە دادەندریــت کــە کۆمەلــگای مرۆڤایــەتی بــە گشـتی و وولاتـانی تازەپیگەیشـتوو بـە تایبەتـی بـە دەسـتیەوە دەنالێنــن، هەروەهــا گرنگییەکــەی زیاتــر بەدیاردەکەوێــت لــە کاتــی دارشــتنی سیاســەتی دانیشــتوان و پلانــی داهاتــوو بــۆ پێداویســتیەکانی دانیشــتوان و گەیشــتن بــە توانــای بــەرزی خزمەتگوزارییــەکان لــە پێنــاو پێشــکەوتنی دانیشــتوان،ئەمەش بەمەبەسـتی پەرەپێدانـی تواناکانـی پەروەردەیـی و تەندروسـتی و گوزەرانــی دانیشــتوانەوە دەبێــت (مختــار، ٢٠١١، ص١٥).

ســەبارەت بــە گەشــەی دانیشــتوانی هەرێمــی کوردســتانیش لــە ســەیرکردنی خشـــتەی (١) دەردەکەویــت کــە گۆرانیــکی گــەورە بــە ســەر قەبــارەی دانیشــتواندا هاتــووە لــە مــاوەی نێـوان سـالانی (٢٠٠٩ -٢٠٢١) بـە جۆریـك ژمـارەی دانیشـتوان لــە (٦٦٢٢٦٦,٤) ملیــۆن کەســەوە لــە ســالی ٢٠٠٩ زیــادی کــردووە بــۆ (٦,٢٩٧,٦٠٣) ملیــۆن کــەس واتــە بــە جیــاوازی ژمــارەی رەهــای (١٦٣٥٣٣٧) ملیــۆن کــەس و بــە ریــژەی گەشــەی ســالانەی (٢,٥٤٪) زیادیکــردووە. جێــگای ئاماژەیــە ئــەم گەشــەیە لــە تــەواوی ئــەو ماوەیــەدا بــە یــەك ئاســت نەبــووە بەلکـو جیـاوازی هەیـە لـە ماوەیەکـەوە بـۆ ماوەیـەکی تــر بــە جۆریــك بەرزتریــن زیادبــوونی قەبارەیــی لــە مــاوەی نیــوان ســالانی (٢٠٠٩-٢٠١٥) تۆمــار کــراوە بــە جیــاوازی رەهــای (٨١٠١٧٠) کــەس و بــە ریــژەی گەشــەی ســالانەی (٢,٧١٪) کـە بەرزتریـن ریـژەی گەشـەیە لـە تـەواوی ئـەو ماوەیەدا,هــۆکاری ســەرەکی ئــەو گەشــەیەش لــەم ماوەیــەدا لــە لایەکــەوە بــۆ باشــبوونی بارودۆخــی ئابــووری و گــوزەرانی دانیشـــتوان دەگەریتـــەوە کەبـــووە بـــە مایـــەی زۆربـــوونی پرۆســەی هاوســەرگیری بــە تایبــەت دوا بــەدوای ســالي (٢٠١٠) کــە ئەمــەش بــووە بــە هــۆی زیادبــوونی تیکــراکانی لــە دایــك بــوون لــە لایــەکی تریشــەوە لــە کۆتایــی ئــەم ماوەیــەدا بــە تایبــەت لــە کۆتایــی ســالی (٢٠١٤) ژمارەیــەکی زۆري خەلــکی بــە شــەکانی تــری عــیراق بــە هــۆی خراپــی رەوشی ناوچەکانیــان بــە هــۆی شــەری داعــش روویــان لــە پاریــزگاکانی هەریــم.

خشتەی (١)گەشەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان سالانی (٢٠٢١-٢٠٠٩)

| ساڵەکان | کۆی ژمارەی دانیشتوان | ماوە | جیاوازی ژمارەی رەها | ریژەی گەشەی سالانە(*) |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٤٦٦٢٢٦٦ | ٢٠١٥- ٢٠٠٩ | ٨١٠١٧٠ | ٢,٧١ |
| ٢٠١٥ | ٥٤٧٢٤٣٦ | ٢٠٢١- ٢٠١٥ | ٨٢٥١٦٧ | ٢,٣٧ |
| ٢٠٢٠ | ٦,٢٩٧,٦٠٣ | ٢٠٢١-٢٠٠٩ | ١٦٣٥٣٣٧ | ٢,٥٤ |

ســـەرچاوە: وەزارەتـــی پلاندانان،دەســـتەی ئامـــاری هەرێـــم ژمـــارەی دانیشـــتوانی هەرێـــم ٢٠٠٩ و ٢٠١٥ و ٢٠٢١.

$$(*)R=\left(\sqrt[t]{\frac{p1}{po}}\sqrt[t]{\frac{p1}{po}}-١\right)\times ١٠٠-١)\times ١٠٠$$

R= ڕێژەی گەشەی ساڵانە

T= ژمارەی ساڵانی نێوان دوو سەرژمێری

P١ = ژمارەی دانیشتوان لەدوایین سەرژمێری

P = ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێری یەکەم - سەرچاوە / الحديثي، ٢٠٠٠، ص٢٩١

لە بەرامبەردا کەمترین گەشە لە قەبارەی دانیشتوان لە ماوەی نێوان سالانی (٢٠١٥ -٢٠٢١) تۆمار کراوە بە جیاوای رەهای(٨٢٥١٦٧) هەزار کەس و بە ریژەی گەشەی سالانەی (٣٧,٢٪) دیارە خراپی رەوشی ئابووری هەریم لەم ماوەیەدا بە تایبەت دواي برینی بودجەی هەریم لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە ئالۆزبوونی زیاتری رەوشي ناوچەکە رەنگدانەوەی لە سەر کەمبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری و لە لایەك و کەمبوونەوەی تیکراکانی لە دایك بوون هەبووە، سەبارەت بە گۆران لە قەبارەی دانیشتوان و ریژەی گەشەی سالانەی دانیشتوان لە سەر ئاستی پاریزگاکانی هەرێمیش لە سەیرکردنی خشتەی (٢) تیبینی ئەوە دەکریت کە گۆرانی گەورە بە سەر قەبارەی دانیشتواندا هاتووە لە تەواوی پاریزگاکانی هەریم.

لەم نیوەندەشدا گەورەترین گۆران لە پاریزگاي دهوك بووە بە جۆریك دانیشتوان بە ریژەی گەشەی سالانەی زیاتر لە (١,٣٪) زیادیکردووە هۆکاری بەرزی ئەم ریژەیە بۆ ئەوە دەگەریتەوە کە پاریزگای ناوبراو هاوسنوورە لە گەل هەر یەك لە پاریزگای نەینەواو وولاتی سوريا لە ئەنجامی ناسەقامگیری رەوشی سیاسی و ئاسایشی ئەم ناوچانە بووە بە مایەی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکانیان بەرەو سنووری کارگیری ئەو پاریزگایە بە جۆریك کۆی ژمارەی ئەوانەی کە تا کۆتایی ئەم سالە واتە (٢٠١٥) کۆچیان بۆ پاریزگاکە کردووە ژمارەیان (٥٠٩٥٠٦) کەس کە بەشي زۆریان لە کەمپەکان نیشتەجێبوونە (حسن، ٢٠١٨، ص١١٩).

لە بەرامبەردا کەمترین رێژەی گەشە لەم ماوەیەدا لە پارێزگای سلیمانی بووە کە (١٧,٢٪) سالانە بووە, هۆکاری سەرەکیش لەمەدا بۆ ئەو گۆرانکارییە کارگێرییە دەگەریتەوە کە پاریزگاکە لەم ماوەیەدا بە خۆوەی بینیوە کە ئەویش خۆی لە جیاکردنەوەی قەزای هەلەبجە وەك پاریزگایەکی سەربەخۆ دەبینیتەوە. کە بیگومان ئەمەش کاریگەری لە سەر بایەخی ریژەیی دانیشتوانی ئەو پاریزگایە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان جیهیشتووە، ئەمە لەکاتێکدا هەریەك لەپارێزگاکانی هەولێر و هەڵەبجە بەرێژەی گەشەی یەك بەدوای یەك (٥٢,٢٪) و (١٥,٢٪) بوونە.

**خشتەی (٢) رێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩ – ٢٠٢١)**

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوان ٢٠٠٩ | ژمارەی دانیشتوان ٢٠٢١ | رێژەی گەشەی ساڵانە ٢٠٠٩ – ٢٠٢١ |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٧٠٦١٨٢ | ٢,٣٠٠,٠٥٩ | ٢,٥٢ |
| سلێمانی | ١٧٨٤٨٥٣ | ٢,١٩١,٢٠٦ | ٢,١٧ |
| دهۆك | ١١٧١٢٣١ | ١,٦٨٨,٨١٣ | ٣,١ |
| هەڵەبجە[١] | - | ١١٧,٥٢٥ | ٢,١٥ |
| هەرێم | ٤٦٦٢٢٦٦ | ٦,٢٩٧,٦٠٣ | ٢,٥٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: سەرچاوەی خشتەی (١)

لە هەموو ئەمانە بەو دەرئەنجامە دەگەین کاریگەری گەشەی دانیشتوان لەسەر پەرەپێدانی مرۆیی دەبینین هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی لیکۆلینەوە گۆرانیکی گەورە بە سەر قەبارەی دانیشتوانەکەیدا هاتووە

١. پاڵپشت بە ئەحکام هەردوو ماددەی ١١٥ و ١٤١ لەدەستووری هەمیشەیی عیراقی فیدڕاڵ ساڵی ٢٠٠٥، وە لەبەرۆشنایی بڕیاری تەشریعی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١١ لە ١٩٩٩/٩/٢٢، و ئاماژە بەبڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣٩ لەبەرواری ٢٠١٣/٦/٤، ئاماژە بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدڕاڵی ژمارە ٥٦٨ لە ٢٠١٣/١٢/٣١ بڕیار درا بە:
- دەست نیشان کردنی سنووری پارێزگای (هەڵەبجە) لەیەکە ئیدارییەکانی ناحیەی (سەنتەر، سیروان، بیارە، خورمال) پێکهاتووە، ئەم بڕیارە لەڕۆژی (١٣ /٣/ ٢٠١٤) دەچووە و لایەنە پەیوەندارەکان جێبەجێی بکەن.
- دواتر بەپێی فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٥٢) لەڕیکەوتی (٢٠١٥/٩/١) تێداهاتووە بچراندنی ناحیەی (بەمۆ) لەئیدارەی گەرمیان و بەستنەوەی بە پارێزگای (هەڵەبجە).
سەرچاوە: (١) ئەنجوومەنی وەزیران، ٢٠١٤. (٢) هەرێمی کوردستان، ٢٠١٥. (٣) وهاب، ٢٠٢٠ ص ٢٤.

کـە بێگومـان ئەمـەش کاریگـەری نەرێنـی لـە سـەر پەرەپێـدانی مرۆیـی هەبـووە, چونکـە ئـەم گەشـە خێرایـە بـە جۆریـك لـە جـۆرەکان بۆتـە لەمپـەر لـە بـەردەم سـەرکەوتنی پـرۆژەکانی پەرەپێـدانی کۆمەلایـەتی و ئابـووری و فەراهـەم نەکـردنی ئاسـتی داواکارییـەکانی خەڵـك لـە خزمەتگوزارییـە جـۆراو جـۆرەکان وەك (فێـرکاری و تەندروسـتی و داهـات), چونکــە هــەر زیادبوونیـك لـە قەبـارەی دانیشـتوان لـە لایەکـەوە دەبیـت بـە مایـەی دروسـتبوونی فشـاریکی زۆرتـر لـە سـەر خزمەتگوزارییـە کۆمەلایـەتی وژێرخانـەکان لـە لایـەکی تریشـەوە زیـاد بـوونی تیکـراکانی بێـکاری لـە کۆمەڵـگادا و کـە هەمـوو ئەمانـەش دەبـن بـە مایـەی دابەزینـی ئاسـتی گـوزەرانی دانیشـتوان.

**١. دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان:**

**Geographical Distribution of Population**

دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە هـەر هەریـم و ناوچەیـەك زادەی کارلیـکی نیـوان کۆمەلیـك فاکتـەری سروشـتی و مرۆیـین کـە بـە یەکـەوە ئاویتـە دەبـن لـە ئەنجامـدا وینـەی کۆتایـی دابـە شـبوونەکە پیشـان دەدەن(الزهیـری، ٢٠١٨، ص٥١).جیـاوازی لـە شـیوازی کۆبوونـەوەی دانیشـتوان و پلـەی چرییـان و رادەی ئـەو پالەپەسـتۆیەی کـە دانیشـتوان لـە ئیسـتاو ئاینـدەوە لـە سـەر ئـەو رووبەرییـە زەویانـەی کـە لـە سـەری دەژیـن دروسـتی دەکـەن لـە گرنگتریـن ئـەو گرفتانـەن کـە هـەر کۆمەلگایـەکی مرۆیـی بـە دەسـتیەوە دەنالیـن هـەر ئەمەشـە وایکـردووە کـە بابـەتی دابەشـبوونی دانیشـتوان کاریگـەری راسـتەوخۆی لـە سـەر دارشـتنی هـەر پلانیـك هەبیـت کـە بـە ئامانجـی پەرەپیـدانی ئابـووری کۆمەلایـەتی مرۆیـی دادەریژریـت, لـەم روانگـەوە هـەول دەدەیـن کـە بـە جیـا بـاس لـە هـەر یـەك لـە دابەشـبوونی قەبارەیـی و ریژەیـی و ژینگەیـی دانیشـتوانی ناوچـەی لیکۆلینـەوە بکەیـن بـەم شـیوەیەی خـوارەوە :

**١-٢. دابەشبوونی قەبارەیی و ریژەیی دانیشتوان:**

مەبەسـت لـیرەدا دابەشـبوونی دانیشـتوانە بـە پیـی ژمـارەو ریژەیـان بەسـەر بەشـە جیـاوازەکانی ناوچەکـە یـان هەریمەکـە، گرنگـی ئـەو جـۆرە دابەشـبوونە لـەوەدا خـۆی دەبینیتـەوە کـە ئایـا دانیشـتوانەکە بـە شـیوەیەکی چـۆن یـەك و هاوسـەنگ بـە سـەر تـەواوی بەشـەکانی ناوچەکـە دابەشـبوونە یـان بـە پیچەوانـەوە جیـاوازی هەیـە لـە خڕبوونـەوەی دانیشـتوان لـە نیـو بەشـەکانی. هـەر ئەمەشـە وایکـردووە کـە پـرۆژەکانی پلاندانـان و پەرەپیـدان و ریکخسـتنی ئابـووری تـا رادەیـەکی زۆر پشـت بـە دەرئەنجامـەکانی ئـەو لیکۆلینەوانـە ببەستن(السـعدی، ١٩٨٠، ص٢٩).

بەتێبینـی کـردنی خشـتەی(٣) دابەشـبوونی قەبارەیـی و رێژەیـی دانیشـتوان بەپێـی پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ مـاوەی سـاڵانی (٢٠٠٩ – ٢٠٢١) جیـاوازی زۆری بەخۆیـەوە بینیـووە لەکاتێـك بـۆ کاتێکـی تـرو لـە پارێزگایـەك بـۆ پارێزگایەکـی تـر, بەجۆرێك لەسـاڵی(٢٠٠٩) پارێـزگای سـلێمانی ریزبەنـدی یەکەمـی وەرگرتـووە بـە کـۆی (١٧٨٤٨٥٣) کـەس کـە ریـژەی زیاتـر لـە (٣٨٪)ی کـۆی ژمـارەی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتانی پێکهێنـاوە.

دوا بـە دوای ئەویـش پارێـزگای هەولێـر دێـت بەکـۆی (١٧٠٦١٨٢) کـەس کـە رێـژەی نزیکـەی (٣٧٪)ی کـۆی دانیشـتوانی هەرێمـی پێکهێنـاوە، هەرچـی پارێـزگای دهۆکـە ریزبەنـدی سـێیەم وەردەگریـت بـە (١١٧١٢٣١) کـەس کـە رێـژەی تەنهـا (٢٥٫١٪) کـۆی دانیشـتوانی هەرێمـی لـە خـۆ گرتـووە، بـەڵام لـە سـاڵی ٢٠١٥ ژمـارە و رێـژەی دانیشـتوان گـۆرانی بـە سـەرداهاتووە، بەجۆرێـك پارێـزگای هەولێـر ریزبەنـدی یەکـەم وەردەگریـت لـە نیـو پاریـزگاکانی هەریـم بـە کـۆی (٢٠٠٩٦٣٧) کـەس کـە رێـژەی (٣٦٫٧٪) ی کـۆی دانیشـتوانی هەریمـی لـەم سـالەدا پیکهینـاوە، دوا بـە دواي ئەویـش پاریـزگای سـلیمانی دیـت بـە کـۆی (١٩٣٥٨٥٥) کـەس ئەمـەش تەنهـا ریـژەی (٣٥٫٤٪)ی کـۆی دانیشـتوانی هەریمـی پیکهینـاوە لـەم سـالەدا، هـۆکاری سـەرەکیش لـە دابەزینـی ئـەو ریژەیـە بـۆ ئـەو گۆرانـە کارگێرییـە دەگەریتـەوە کـە خـۆی لـە پچراندنـی قـەزای هەڵەبجـە لـە پارێـزگای سـلێمانی دەبینیتـەوە دوای ئـەوەی بڕیـاری بەپارێـزگا بوونـی بـۆ دەرچـوو، بـەلام ئـەوەی پەیوەسـتە بەپاریـزگای دهـۆك گۆرانیـکی گـەورە بەسـەر ژمـارەو ریـژەی دانیشـتوانەکەیدا هاتـووە بـەراورد بـە پاریـزگاکانی تـر, بەجۆرێك لەسـاڵی ٢٠١٥ ژمـارەی دانیشـتوانی گەیشـتە (١٤٢٣١١٤) کـەس ئەمـەش ریـژەی زیاتـر لـە (٢٦٪)ی کـۆی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان لـەم سـالەدا پیکدەهینیـت، دوا بـەدوای ئەویـش پارێـزگای هەڵەبجـە بـە پلـەی چـوارەم دێـت بـە کـۆي

قەبارەی دانیشتوانی (١٠٣٨٣٠)هەزار کەس کە ریژەی تەنها (١،٩٪)ی کۆی دانیشتوانی ناوچەی لیکۆلینەوەی لە خۆ گرتووە.

**خشتەی (٣)دابەشبوونی قەبارەیی و ڕێژەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە پیي پاریزگا لە ماوەي نیوان سالانی (٢٠٠٩-٢٠٢١)**

| پارێزگاکان | ٢٠٠٩ | | ٢٠١٥ | | ٢٠٢١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان | ٪ | ژمارەی دانیشتوان | ٪ | ژمارەی دانیشتوان | ٪ |
| هەولێر | ١٧٠٦١٨٢ | ٣٦,٦ | ٢٠٠٩٦٣٧ | ٣٦,٧ | ٢,٣٠٠,٠٥٩ | ٣٦,٥ |
| سلێمانی | ١٧٨٤٨٥٣ | ٣٨,٣ | ١٩٣٥٨٥٥ | ٣٥,٤ | ٢,١٩١,٢٠٦ | ٣٤,٨ |
| دهۆك | ١١٧١٢٣١ | ٢٥,١ | ١٤٢٣١١٤ | ٢٦ | ١,٦٨٨,٨١٣ | ٢٦,٨ |
| هەڵەبجە | - | - | ١٠٣٨٣٠ | ١,٩ | ١١٧,٥٢٥ | ١,٩ |
| هەرێم | ٤٦٦٢٢٦٦ | ١٠٠ | ٥٤٧٢٤٣٦ | ١٠٠ | ٦,٢٩٧,٦٠٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: سەرچاوەی خشتەی (١).

سەبارەت بە قەبارە و ڕێژەیی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢١ دەبینین ریزبەندی پارێزگاکان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٥ هیچ گۆرانکاری بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو گۆرانکاری بەسەر ڕێژەیان دا هاتووە، بەجۆرێك پارێزگای هەولێر هەر لەپلەی یەکەم دێت بەرێژەی (٣٦،٥٪) بووە، دوا بەدوای هەریەك لە پارێزگای سلێمانی و دهوك یەك بەدوای یەك ریژەی (٣٤،٨٪) و (٢٦،٨٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمیان پێکهێناوە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە پارێزگای هەڵەبجە لەساڵی ٢٠٢١ ژمارەی دانیشتوانی زیادیکردووە گەیشتۆتە (١١٧٥٢٥) کەس بەبەراورد بە ساڵی ٢٠١٥، کەچی ڕێژەکەی لە کۆی دانیشتوانی هەریم وەك خۆی ماوەتەوە کە تەنها (٩،١٪) بووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەریتەوە کە لەساڵی ٢٠١٥ بووەتە پارێزگا و ژمارەی یەکە کارگیرییەکانی تەنها چوار ناحیە بووەو رووبەرەکەشی بە بەراورد بە پاریزگاکانی تری هەریم بچووکەو (١٠٨٢) کم٢ پتر نیە، ئەم فاکتەرانەش هەمووو بەیەکەوە کاریگەریان لەسەر کەمی قەبارەی دانیشتوانی پاریزگای ناوبراو هەبووە.

لێرەدا دەردەکەوێت جیاوازی بارودۆخی سروشتی و مرۆیی و ئابووری لە نیوان پاریزگاکانی هەریم ڕۆلی سەرەکیان لەنایەکسانی دابەشبوونی دانیشتوان هەبووە , بە جۆریك دانیشتوان بەشێوەیەکی سەرەکی لەهەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی کۆبوونەتەوە، کەچی ژمارەی دانیشتوان کەمترە لەدوو پارێزگاکەی تر (دهۆك ,هەڵەبجە) هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ دابەشبوونی نایەکسانی چالاکیە ئابووری و کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان دەگەریتەوە , دیارە ئەمەش بەگرنگترین بنەمای سەرەکی سەرکەوتن و گەیشتن بە پەرەپێدانی شوێنی لەهەر هەرێمێك دادەنرێت، کە سەرئەنجام کاریگەری لە سەر دەرفەتی هەلی کار لەنێو دانیشتواندا و بێبەشبوونیان لەگەیشتن بەپێداویستیەکانی پەروەردەیی و تەندروستی خزمەتگوزاری هەبووە.

ئەمە ویرای کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بە مەبەستی دەستکەوتنی هەلی کار و باشبوونی باری گوزەران کە بیگومان ئەمەش بووە بە مایەی زیادبوونی فشار لەسەر خزمەتگوزاریەکانی(ژێرخان وکۆمەڵایەتییەکان)، سەرئەنجامیش دەروستبوونی کێشە و گرفت لە نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی. ئەمەش وا دەخوازیت کە چاو خشاندنەوە بە چۆنیەتی دابەشبوونی پرۆژەکانی ئابووری و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان لەنێوان هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان بکریت، بە شیوەیەك هەر پارێزگایەك بەشی خۆی پێبگات، بە مەبەستی دروستبوونی هاوسەنگی لەدابەشکردنی پرۆژەکانی پەرەپێدان و کەمکردنەوەی جیاوازی پەرەپێدانی هەرێمی و مرۆیی لەنێوانیاندا، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر نیشاندەرەکانی وەك (فێرکاری و تەندروستی و داهات) و ئاستەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی کوردستان دەبێت.

**٢-٢. دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان:**

مەبەست لێرەدا دابەشبوونی دانیشتوانە بە گویرەی شوێنی نیشتەجێبوونیان لەشار و گوندەکاندا ئەم جۆرە دابەشبوونە گرنگیەکی دیاری هەیە لە لێکۆڵینەوەکانی دانیشتواندا، هەروەها ئاوێنەیەکە ا توخمە دیمۆگرافی و کومەڵایەتی و ئابوورییەکانی تیادا ڕەنگدەداتەوە (علاءالدین،

٢٠٠٨، ص١١١)، چونکە لە ڕێگایەوە جۆری ئەو پەیوەندیانە دەردەکەون کەلەنێوان مرۆڤ و زەوی دا دروست دەبن، جگە لەوە ئەو راستیانەش دەخرێنە ڕوو کە پەیوەستن بەسروشتی شێوازەکانی کۆبوونەوەی دانیشتوان و شێوەی نشینگەکان و جۆری دابەشبوونیان(سلیم، ٢٠٠٥، ل٣١).

لێرەدا بۆ ئەم جیاکردنەوەیە پێویستە هەردوو چەمکی (شار و گوند) دیاری بکەین شار بە واتا فراوانییەکەیەوە وەك بەدەردەکەوێت لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا هەڵگری دیاردەیەکی شارستانییە و مەلبەندی دام و دەزگاکانە لە کومەلگەدا دانیشتوانەکەشی بە کاری پیشەسازی و چالاکی خزمەتگوزارییەوە خەریکن(Bourne ،١٩٧١ ،p٢٩)، هەرچی گوندە لە نشینگە کشتوکالییەکان دروست دەبیت و دانیشتوانەکەشی بە چالاکی و کاروباری کشتوکالییەوە خەریکن (Michael ،١٩٩٩ ،p٢٥٦).

لە هەرێمی کوردستانی عیراقیشدا بۆ جیاکردنەوەی شار و گوند، توێژەران پێوەری کارگێری بە کاردەهێنن، بەگوێرەی ئەم پێوەرە هەموو مەلبەندەکانی (ناحیە و قەزا و پاریزگا) بە شار دادەنرێن لەوانەش بترازێت بە گوند هەژمار دەکرێن، بێ گوێدانە قەبارەی نشینگەکان و چالاکی ئابووری و ئاستی کومەلایەتی و رۆشنبیری و چری دانیشتوان(تالب، ١٩٩٩، ل٣٣).

لە سەیرکردنی خشتەی (٤)دەردەکەویت کە شارنشینان لە سالی ٢٠٠٩ ڕێژەی(٥,٨١٪)و گوندنشینان تەنها ریژەی (٥,١٨٪) کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمیان پێکهێناوە، لە سەر ئاستی پاریزگاکانیش ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لەپارێزگای سلیمانی بەرزترین ریژەی تۆمارکردووە کە گەیشتۆتە نزیکەی (٨٥٪) لە بەرامبەردا کەمترین ریژەی شارنشینانیش لە پاریزگای دهوك بووە (٧٤,١٪) هەرچی پاریزگای هەولیرە ریژەکەی (٣,٨٣٪) بووە، هۆکاری بەرزی ڕێژەی شارنشینان بە شیوەیەکی گشتی لە تەواوی هەریم بۆ ئەو کۆچە بەر فراوانە دەگەریتەوە کە دانیشتوانی گوند نشین بەرەو ناوەندە شارستانییەکان کردویانە بەمەبەستی گەڕان بەدوای هەلی کاردا، هەروەها تێکچوونی باری ئاسایش لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق بووە هۆی کۆچیکردنی ژمارەیەكي زۆر لە دانیشتوانی ئەم ناوچانە بەرەو شارەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٥(سلیم، ال مدرس، ٢٠١٩، ص١٧٠).

ئەمە ویرای ئەوەی زیادبوونی داهاتی ساڵانە یەکێکە لەو نیشاندەرە گرنگ و سەرەکیانەی کە یارمەتیدەرە لە پرۆسەی بەشارستانی بوون، هەروەك ئاشکرایە دانیشتوانی شارەکان داهاتیان زیاترە لە دانیشتوانی گوندەکان بەهۆی بوونی هەلی کاری زیاتر لە شارەکان(احمد، ١٩٩٩، ص٦٩). بەلام سەبارەت بە بەرزی ڕێژەی گوندنشینانی پارێزگای دهۆك بە بەراورد بە پاریزگاکانی تری هەریم کە لەم سالەدا ریژەی نزیکەی (٢٦٪) ی کۆی دانیشتوانی پاریزگاکەی پیکهیناوە هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەوە دەگەریتەوە کە بەشیکی زۆری گوندەکانی پاریزگای ناوبراو لە هەشتاکانی سەدەي رابردوو بەر شالاوەکانی تیکدان و کاولکردن نەکەوتن وەك ئەوەی لە پاریزگاکانی تری هەریم روویدا بە مجۆرە خەلکەکەی لەسەر زیدی خۆیان مابوونەوە.

**خشتەی (٤) دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩ - ٢٠٢١)**

| پارێزگاکان | ٢٠٠٩ | | ٢٠٢١ | |
|---|---|---|---|---|
| | شارنشین (٪) | گوندنشین (٪) | شارنشین (٪) | گوندنشین (٪) |
| هەولێر | ٨٣,٣ | ١٦,٧ | ٧٦,٥ | ٢٣,٥ |
| سلێمانی | ٨٤,٨ | ١٥,٢ | ٨٤,٩ | ١٥,١ |
| دهۆك | ٧٤,١ | ٢٥,٩ | ٧٢,٤ | ٢٧,٦ |
| هەڵەبجە | - | - | ٨٥ | ١٥ |
| هەرێم | ٨١,٥ | ١٨,٥ | ٧٨,٥ | ٢١,٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: سەرچاوەی خشتەی (١)

بەلام لە سالی ٢٠٢١ دابەشبوونی ژینگەیی لە سەر ئاستی هەریم گۆرانی بە سەر دادیت بە جۆریك شارنشینان ریژەیان دادەکشیت بۆ (٨,٧٨٪) لە بەرامبەردا ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین بەرز بۆتەوە بۆ (٢,٢١٪) لە سەر ئاستی پاریزگاکانیش زۆرترین گۆران لە پاریزگای هەولیر بووە بە جۆریك شارنشینان ریژەیان بە بەراورد بە سالي

(٢٠٠٩) کەمیکــردووە بــۆ (٥,٧٦٪)لــە بەرامبــەردا گوندنشــینان ڕیژەیــان بــەرز بۆتــەوە بــۆ (٥,٢٣٪)، هــۆکاری کەمبوونــەوەی ڕێــژەی شارنشــینان لــەم ســاڵەدا دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــاوەدان کردنــەوەی گونــدەکان و گەڕانــەوەی دانیشــتوان گوندنشــینان بەمەبەســتی کشــتوکاڵکردن، بەتایبەتــی پــاش ئــەوەی ســاڵی ٢٠١٤ قەیرانـــی دارایـــی لەهەرێــم ســەری هەڵــدا زیاتــر دانیشــتوانەکە بــۆ بژێــوی ژیــان و گــەڕان بــەدوای هەلــی کار ڕووی کــردە گونــدەکان.

سـەبارەت بەڕێـژەی شارنشـینان لـە هـەردوو پارێـزگای سـلێمانی و دهـۆك بەبـەراورد لەگـەڵ ساڵی ٢٠٠٩ گۆڕانکارییەکـی ئەوتـۆ رووي نـەداوە، ئـەوەی تایبەتیشـە بـە پاریـزگای هەڵەبجـە دواي ئـەوەی بـە فەرمـی وەك پاریـزگای چوارەمـی هەریـم لـە سالی (٢٠١٤)، دەبينيــن ڕێــژەی شارنشــینان تیایــدا لــە ســاڵی ٢٠٢١ نزیــك بۆتــەوە لــە (٨٥٪) لــە بەرابــەردا گوندنشــینان تەنهــا (١٥٪) ی کـۆی دانیشـتوانی پاریزگایەکەیـان پیکهینـاوە، هـۆکاری بــەرزی ریــژەی شارنشــینان لــەو پاریزگایــە لــە لایەکــەوە بــۆ ئــەوە دەگەریتــەوە کــە زۆربــەی گوندەکانــی ئــەو پارێزگایــە لـــە هەشـــتاکانی ســـەدەی رابـــردوو لـــە لایـــەن دەســـەلاتی ناوەنــدەوە ڕووبــەرووی ڕووبــەرووی تێکــدان و خاپوورکــردن و ڕاگوێـزان بوونـەوە خەلکەکانیشـیان لـە ئـۆردووگا زۆرەملیـکان و ســەنتەری شــارەکان کۆکرابوونــەوە لــە لایــەکي تریشــەوە لەســاڵی ٢٠١٥ بــە بڕیارێکــی ســەرۆکایەتی هەرێــم ناحیــەی (بەمــۆ) خرایــە ســـەر پارێـــزگای هەڵەبجە(وهــاب، المصــدر الســابق، ص١٥٥-١٥٦).

لەژێــر ڕۆشــنایی ئــەم پێشــکەوتنانە ئەوەمــان بــۆ روون دەبێتــەوە کــە ڕێــژەی شارنشــین لەســاڵی (٢٠٠٩) لەبەرزبوونــەوەی بــەردەوام دایــە لەبەرامبــەر گوندنشــینان، ئەمــەش دەرئەنجامــی زیادبوونــی سروشــتی و تەوژمەکانــی کۆچکــردن بەهــۆی فەراهــەم کردنــی خزمەتگــوزاری و کۆبوونــەوەی دامــەزراوە ئیــداری و خزمەتگوزارییــەکان لەســەنتەری شــارەکان، هەروەهــا گــەران بــەدوای هەلــی کار لەشــار کــە زیاتــر دانیشــتوانی گوندنشــینان کــۆچ دەکــەن، چونکــە زۆرجــار دانیشــتوانی شــارەکان داهاتیــان زیاتــرە لــە دانیشــتوانی گونــدەکان بەهــۆی بوونــی هەلــی کار و داهاتــی زیاتــر لــە گوندنشــینەکان، لەلایەکــی تــرەوە فراوانبوونــی ڕووبــەری شــارەکان لەســەر حیســابی زەوییــە کشــتوکالیەکانی دەوروبــەری و هەروەهــا پرۆســەکانی بەشارســتانی بــوون بــۆ ســەر گوندەکانــی دەوروبــەری شــار، هەمــوو ئەمانــە بەیەکــەوە ڕۆڵــی هەبــووە لەســەر زیادبوونــی ڕێــژەی شارنشــین، بــەلام لەســاڵی (٢٠٢١) ڕێــژەی گوندنشــینان لەپارێزگاکانــی هەولێــر و دهــۆك زیاتربـــووە لەشارنشـــینان.

ئـەو جیاوازییـەی پەرەپێـدان لەنێـوان ناوچەکانـی شارسـتانی و گونـدەکان، دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی ناوچەکانـی ڕاکێشـەر و دەرکـەری دانیشـتوان، ئـەوەش لەدەرئەنجامـدا ڕەنگدانـەوەی لەسـەر نزمـی بارودۆخـی گوزەرانـی خێـزان دەبێـت و دەگاتـە ئاســتی هــەژاری و بــێ بەشــبوون، ئــەوەش بــە گرنگتریــن هـۆکار دادەنرێـت کـە کاریگـەری لەسـەر پرۆسـەی پەرەپێـدان بەگشـــتی و پەرەپێدانـــی مرۆیـــی بەشـــێوەیەکی تایبـــەت، بۆیـــە لەســـەر پلاندانـــەران و پســـپۆڕانی بـــواری پەرەپێـــدان پێویسـتە گرنگـی و بایەخـی زیاتـر بـەو گۆڕانکارییـە بـدەن و هەڵسـەنگاندنی بـۆ بکـەن بەگوێـرەی ئـەو داواکاریيانـەی کـە لـە داهاتـوو پێویسـتی پێیەتـی، بەشـێوەیەك بگونجێـت لەگـەڵ پـلان و بەرنامەکانـی پەرەپێـدان لەهەمـوو قۆناغەکانـدا.

**٣-٢. دابەشـبوونی دانیشـتوان بەپێـی پێـوەری چـڕی گشـتی دانیشـتوان:**

چـڕی گشـتی یـان زۆر جـار بـە چـڕی خـاو یـان جوگـرافی ناودەبریـت , بـە سـادەترین جـۆری پێـوەری چـڕی دادەندریـت کـە هـەولی دەرخسـتنی رادەی پەیوەنـدی نیـوان مـرۆڤ و ئـەو رووبـەرە زەویانـە دەدات کـە لـە سـەری دەژی، بەواتایەکـی تـر کـۆی ژمـارەی دانیشـتوان بەسـتراوە بـە ڕووبەرێکـی دیاریکـراو و ئـەم جـۆرە لـە چـڕی تەنیـا بیرۆکەیەکـی سـادە دەدات بـە دەسـتەوە سـەبارەت بـە ڕادەی کۆبوونـەوەی دانیشـتوان لـە ناوچەیەکـەدا (أبـو عيانـة، ٢٠٠٠، ص٤٠).

ســـەبارەت بەچـــڕی گشتی،گوزارشـــت لەبەهێـــزی جەنجـــالی دانیشـتوان دەکات جـا لەچوارچێـوەی ناوچەیـەك بـن یاخـود یەکەیەکـی کارگێـری (زینـی، ١٩٨٠، ص١٣٥)، هەروەهـا بریتیـە لەکــۆی ژمــارەی دانیشــتوان یاخــود تاکــەکان بــۆ ڕووبــەری گشـتی زەوی کـە لەسـەریدا دەژیـن، بـێ لەبەرچاوگرتنـی توانـا ئابـــووری و بەرهەمهێنراوەکانی(نجـــم الديـــن، ١٩٧٠، ص٢٩).

ئەنجامـــەکانی ئـــەم چڕییـــە لـــە ریـــگای بەکارهینـــانی ئـــەم

هاوکیشـــەیە دەردەهێنرێـــت:

چری گشتی = کۆی ژمارەی دانیشتوان (کەس) / کۆی ڕووبەر(کم²) یان هەر یەکێکی تری پێوانە

لەمیانـی پەیرەوکردنـی ئـەو پێـوەرەدا، توانـای زەوی ئابـووری و توانـای بەرهەمهێنـان لەبەرچـاو ناگیرێـت، تەنانـەت تـەرزی بەکارهێنانـی ئابـووری باویـش لەناوچەکـەدا بایەخـی ئەوتـۆی پێنادرێـت، هـەر لەبـەر ئـەوە چـری گشـتی زیاتـر بایـەخ بـەزەوی دەدات، ئەگـەری ئەوەشـی هەیـە لەچوارچێـوەی ئـەم ڕووبـەرەدا ناوچـە هەبێـت دانیشـتوانی تێـدا نەبێـت یاخـود نەشـیاو بـۆ بەرهەمهێنـان، بەگشـتی ئـەم پێـوەرەی چـری ناتوانێـت وەك پێوەرێکـی پاڵەپەسـتۆی دانیشـتوان تێڕوانینـی بـۆ بکرێـت، واتـە ناتوانێـت پەیوەنـدی پیشـەیی نێـوان دانیشـتوان و ئـەو ڕووبـەرەی زەوی کـەکاری تێدادەکـەن بخاتـە ڕوو، سـەرەرای ئـەوەی لـەڕووی لێکۆڵینـەوەی پەیوەنـدی نێـوان دانیشـتوان و دەرامـەت گرنگیەکـەی دەگمەنە(سـعید، ٢٠١١، لا٦٥).

لە سـەیر کـردنی خشـتەی(٥) ئـەو چرییـە لـە سـالي (٢٠٢١) لـە سـەر ئاسـتی هەرێـم زیاتـر(١٣٣ کـەس / کـم٢) بـووە, لـە گـەل بـوونی جیـاوازی لـە پاریزگایەکـەوە بـۆ پاریزگایـەکی تـر، بەجۆرێـك پارێـزگای هەولێـر بەپلـەی یەکـەم دێـت و ئـەو چرییـەی تیـادا دەگاتـە زیاتـر لـە (١٥٤ کـەس/ کـم٢) ئـەو ئاسـتە لـە چـری ئاماژەیەکـی باشـە ئەگـەر بێتـوو بـەراوردی بکەیـن لەنێـوان دەرامەتـی مرۆیـی و سروشـتی پارێزگاکـە و بەرنامەکانـی پەرەپێدان(المنـدلاوی، ٢٠١٣، ص٤٣).

**خشـتەی (٥)چـری گشـتی دانیشـتوانی پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سـاڵی (٢٠٢١)**

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوان | ڕووبەر | چری دانیشتوان (کەس/ کم٢) |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢,٣٠٠,٠٥٩ | ١٤٨٧٢ , ٧ | ١٥٤,٦ |
| سلێمانی | ٢,١٩١,٢٠٦ | ٢٠١٤٣ , ٩ | ١٠٨,٧ |
| دهۆك | ١,٦٨٨,٨١٣ | ١٠٩٩٥ , ٩ | ١٥٣,٦ |
| هەڵەبجە | ١١٧,٥٢٥ | ١٠٨٢ | ١٠٨,٦ |
| هەرێم | ٤٦٦٢٢٦٦ | ٦,٢٩٧,٦٠٣ | ٢,٥٤ |

سـەرچاوە: کاری توێـژەر پشـت بەسـتن بـە: ١- سـەرچاوەی خشـتەی (١).

٢- دەرهێنانی ڕووبەری پارێزگاکان بەبەرنامەی(GIS)

دوا بـەدوای ئەویـش پاریـزگای دهـوك بـە پلـەی دووەم دیـت کەچرییەکـەی زیاتربـووە لـە (١٥٣ کـەس/ کـم٢)، بچـووکی ڕووبـەری پاریزگاکـە بـەراورد بەهەریـەك لـە پاریـزگاکانی هەولـێرو سـلیمانی لـە لایـەك و هەروەهـا دەولەمەنـدی پاریزگاکـە بەدەرامەتـی ئـاوی و زەوی کشـتوکاڵی بەپیـت لـە لایـەکي تـر هـۆکاری سـەرەکین لـە بـەرزي ئـەو چرییە(البرزنجـی، ٢٠١٣، ص٥٢). هەرچـی پارێـزگاکانی سـلێمانی و هەڵەبجەشـە یـەك بـە دوای یـەك پلـەی سـییەم و چـوارەم وەردەگـرن بـە (١٠٨,٧) و(١٠٨,٦) کـەس / کـم٢).

لەژێـر ڕۆشـنایی ئەمـەدا دەتوانیـن چـڕی دانیشـتوان لەسـەر ئاسـتی پارێـزگاکانی هەریـم دابـەش بکەینـە سـەر دوو دەسـتە بـەم شـیوەیە :

دەسـتەی یەکـەم: ئـەو پاریزگایانـەی دەکەونـە چوارچیـوەی ئـەم دەسـتەیە هـەر یـەك لـە پاریزگاکانی(هەولـیرو دهـوك)ن کـە چـری دانیشـتوان تیایانـدا لـە (١٥٠) کـەس/ کـم٢) زیاتـرە.

دەسـتەی دووەم: ئـەو پاریزگایانـە دەگریتـەوە کـە چـری دانیشـتوان تیایانـدا لـە (١٥٠ کـەس/ کم٢)کەمـترە، ئەمـەش هەریـەك لەپارێزگاکانـی سـلێمانی و هەڵەبجـە لەخۆدەگرێـت.

جیـگای ئاماژەیـە زۆربـەی زۆری دانیشـتوان لەناوەنـدە شارسـتانییە گـەورەکان کۆبوونەتـەوە بـە تایبـەت ناوەنـدە

شارســتانییە گــەورەکانی وەك ( هەولــێر و ســلیماني و دهــوك ) لــە ئەنجامــی بــوونی هــەلی کارو کۆبوونــەوەی بــەشی زۆری خزمەتگوزاریــە جۆراوجــۆرە کۆمەڵایەتــی و ژێرخانــەکان و چالاکــی ئابووریــە جــۆراو جــۆرەکانی تــر تیایانــدا. هەمــوو ئەمانــە وادەکات خەڵــك زیاتــر کــۆچ بــەروەو ئــەم ناوەندانــە بکــەن، بەبــەراورد لەگــەڵ پارێزگاکانــی تــر کــە تارادەیــەك نەیانتوانیــوە هەمــوو خزمەتگوزارییــە جۆراوجۆرەکانــی تێــدا فەراهــەم بکــەن و بــێ بەشــبن لــەم خزمەتگوزارییانــە کــە بــە بنەمــای ســەرەکی خۆشــگوزەرانی مرۆڤــەکان و بەرزکردنــەوەی ئاســتی گوزەرانییــان دادەنرێــت، ئەمــەش کاریگــەری لەســەر نیشــاندەرەکانی پەرەپێدانــی مرۆیــی دەبێــت.

**٢. پێکهاتــەی دانیشــتوان ( التركيــب الســكاني) Population Composition**

**٣-١. پێکهاتەی جۆری دانیشتوان :**

مەبەســت لەپێکهاتــەی جــۆر دابەشــبوونی دانیشــتوانە بــۆ ســەر هــەردوو رەگــەزی (نێــر و مــێ) هــەر بۆیــە زۆر جــار بــە پێکهاتــەی رەگەزیــش ناوزەنــد دەکریــت، جیــگاي ئاماژەیــە لیکۆلینــەوە لــە دانیشــتوانی هــەر وولات و ناوچەیــەك وا خوازیــارە زانیــاري وورد لەســەر ژمــارەی هــەردوو رەگــەز (نێـر و مێ)بزانرێـت، چونکـە بوونـی جیـاوازی ژمـارەی نێـوان هـەردوو ڕەگـەز کاریگـەری دەبێـت لەسـەر هێـزی کار و جـۆری کێشـە ئابـووری و کۆمەڵایەتیـەکان لەناوچەیـەك بـۆ ناوچەیەکـی تـر، هەربۆیـە دەبینیـن ڕێـژەی ڕەگـەزی مـێ لـە پرۆسـەکانی پەرەپێــدان لــە وولاتــاني تــازە پیگەیشــتوو تــا ئێســتاش ســنووردارە بــە هــۆي بــلاو بوونــەوەی داب و نەریتــي بــاوە لــە کۆمەلــگادا (الريحانــی، ١٩٧٩، ص٣٥٨)، هەروەهــا رێــژەی جــۆر بــە نیشــاندەری بنەڕەتــی دادەنرێــت بــۆ پێکهاتــەی جــۆری دانیشــتوان ئــەوەش وایکــردووە گرنگیەکــەی زیاتــر بەدیاربکەوێــت و کاریگەرییەکەشــی لەرێگــەی لەدایکبــوون و مــردن و کــۆچ و هاوســەرگیری و دابەشــبوونی پیشــەیی و هێــزی کارەوە دەبێت(الســعدی، ٢٠١٣، ص٢٨٣).

رێــژەی جــۆر بریتیــە لــە ژمــارەی نێــر بەرامبــەر هــەر (١٠٠) مێیــەك بەپێــی ئــەم هاوکێشەیە(الشــاورة، ٢٠٠١، ص١١٨):

$$\text{ڕێژەی جۆر} = \frac{\text{کۆی ژمارەی نێر}}{\text{کۆی ژمارەی مێ}} \times ١٠٠$$

لــەڕووی زانســتیەوە ڕوون بۆتــەوە، کەرێــژەی لەدایکبوونــی رەگــەزی نێـر لەزۆربـەی جـاردا لەنێـوان (١٠٣ – ١٠٥) نێـرە لـە بەرامبــەر هــەر (١٠٠) مێیــەك، ئــەم رێــژەی جــۆرە لــە هــەر کۆمەلگایــەك دەکەویتــە ژێــر کاریگــەری کۆمەلیــك هــۆکاری دیمــۆ گــرافی ئابــووری کۆمەلایــەتی رامیــاری ســەربازی.... (الشــمری، ٢٠١٢، ص١٧٢-١٧٣).

سـەبارەت بـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە لـە میانـەی داتاکانـی خشــتەی(٦)، دەردەکەویــت لــە تــەواوی مــاوەی نیــوان ســالانی لیکۆلینــەوە رێــژەی جــۆر ( ١٠٠،٨) نێــر بــووە لــە بەرامبــەر هــەر (١٠٠) مێینــەك بــە جۆریــك ڕێــژەی ڕەگــەزی نێــر (٥٠،٢٪) و ڕەگــەزی مــێ (٤٩،٨٪) بــووە، واتــە هیــچ گــۆرانی بــە ســەردا نەهاتــووە هــۆکاری ســەرەکیش لەمــەدا بــۆ ئــەوە دەگەریتــەوە کــە داتــاکانی ســالی (٢٠٢١) بــە خەملانــدن پالپشــت بــە داتــاکانی ســالی (٢٠٠٩) دانــدراوە ئەمــەش وایکــردووە کــە گۆرانــکاری و جیاوازییەکــی ئەوەتــۆ بــەدی نەکرێــت لەنێــوان مــاوەکان و پارێزگاکانــدا.

لەســەر ئاسـتی پارێزگاکانیشـدا پارێـزگای هەولێـر بـە پلـەی یەکــەم دێــت بــە جۆریــك رێــژەی جــۆری لەســاڵی ٢٠٠٩ گەیشــتۆتە ( ١٠١،٦) نێــر لــە بەرابــەر هــەر (١٠٠) مییــەك، لەکاتێکــدا ڕێــژەی ڕەگــەزی نێــر (٥٠،٤٪) و ڕەگــەزی مــێ (٤٩،٦٪) بـووە، ئـەم ڕێژەیـە لەسـاڵی ٢٠٢١ بەرزدەبێتـەوە بـۆ ( ١٠٢)، لەکاتێکـدا ڕێـژەی ڕەگـەزی نێـر (٥٠،٥٪) و ڕەگـەزی مـێ (٤٩،٥٪) بــووە، هــەر بۆیــە لەســەر ئاســتی هەرێــم بەرزتریــن ئاسـتی تۆمارکردیـە، هۆکارەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ زیادبوونـی سروشــتی دانیشــتوان و کۆچکــردن بــۆ هەرێــم بەگشــتی و پارێــزگای هەولێــر بەتایبەتــی لەهەمــوو ناوچەکانــی هەرێــم و عێــراق و ولاتانــی تــر بەمەبەســتی دۆزینــەوەی هەلــی کار و بوونــی ئارامــی و ســەقامگیری سیاســی و پرۆژەکانــی وەبەرهێنــان لــە گشــت کەرتــە جیاوازەکانــدا، هەروەهــا بوونــی چالاکیــە ئابوورییەکانــی وەك کشــتوکال و گەشــت و گــوزار و پیشەســازی و بوونــی خزمەتگوزارییــە جۆراوجــۆرەکان، هەرچەنــدە ئــەم داتایــەی پارێــزگای هەولێریــش بەخەملانــدن

وەرگیـراوە، بـەڵام هــەر لەسـالی ٢٠٠٩ پارێـزگای هەولێـر لـە پێشـەوەی پارێزگاکانـی تـرە.

**خشـتەی (٦) ڕێـژەی جـۆری دانیشـتوان بـۆ پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان لەمـاوەی سـالانی (٢٠٠٩- ٢٠٢١)**

| پارێزگاکان | ٢٠٠٩ | | | ٢٠٢١ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دابەشبوونی ڕێژەیی | | ڕێژەی جۆر | دابەشبوونی ڕێژەیی | | ڕێژەی جۆر |
| | نێر (%) | مێ (%) | | نێر (%) | مێ (%) | |
| هەولێر | ٥٠،٤ | ٤٩،٦ | ١٠١،٦ | ٥٠،٥ | ٤٩،٥ | ١٠٢ |
| سلێمانی | ٥٠،١ | ٤٩،٩ | ١٠٠،٤ | ٥٠،١ | ٤٩،٩ | ١٠٠،٤ |
| دهۆك | ٥٠،١ | ٤٩،٩ | ١٠٠،٤ | ٥٠،١ | ٤٩،٩ | ١٠٠،٤ |
| هەڵەبجە | - | - | - | ٥٠،١ | ٤٩،٩ | ١٠٠،٤ |
| هەرێم | ٥٠،٢ | ٤٩،٨ | ١٠٠،٨ | ٥٠،٢ | ٤٩،٨ | ١٠٠،٨ |

سـەرچاوە: کاری توێـژەر پشـت بەسـتن بـە: سـەرچاوەی خشـتەی (١).

ڕێـژەی جـۆر بـۆ پارێزگاکانـی تـری هەرێـم وەك (سلێمانی، دهـۆك، هەڵەبجـە) بـۆ سـاڵەکانی (٢٠٠٩ و ٢٠٢١) هیـچ گۆڕانـکاری و جیاوازییـەك لەڕێژەکەیـان ڕووینـەداوە، بەجۆرێـك لەسالی ٢٠٠٩ ڕێـژەی جـۆر بـۆ پارێزگاکانـی سـلێمانی و دهـۆك بـۆ هـەر یەکیکیـان (١٠٠،٤) بـووە و ڕێـژەی ڕەگـەزی نێریـان (٥٠،١%) و بـۆ ڕەگـەزی مێیـان (٤٩،٩%) بـووە، سـەبارەت بـە پارێـزگای هەڵەبجـەش هـەر لـەم سـاڵەدا لەگـەل پارێـزگای سـلێمانی هەژمارکـراوە، ئـەو ڕێژەیـەش لەسـاڵی ٢٠٢١ هەروەکـو خـۆی ماوەنـەوە هـەر وەك هـەردوو پاریـزگای سـلێمانی و دهـۆك، هۆکارەکەشـی بـۆ نادروسـتداتاکان دەگەڕیتـەوە کـە بـە شـێوەی خەملانـدن لەسـەر بنەمـای داتاکانـی سـاڵی ٢٠٠٩ بـووە.

لەژێـر ڕۆشـنایی ئـەو داتایانـە دەبینیـن ڕەگـەزی نێـر بەڕێژەیەکـی کـەم لەپێـش ڕەگـەزی مـێ دایـە لەهەرێمـی کوردسـتان، ئـەوە پێوەرنیـە لـە بوارەکانـی پەرەپێدانـی مرۆیـی گرنگـی و بایەخـی پـێ نادرێـت، چونکـە مـرۆڤ لەهـەر ڕەگەزێـك بێـت لـە پێنـاو بنیادنانـی کۆمەلـگا پشـتی پـێ دەبەسـترێ، ئەمـەش لەڕێگـەی فەراهـەم کردنـی بارودۆخـی گونجـاو بـۆ کەسـەکان لـە بوارەکانی فێرکردن و تەندروستیەکی بـاش و باشـترکردنی ئاسـتی بژێـوی و هەروەهـا تاچەنـد ئـەو ژینگـەی تێـدا دەژیـت گونجـاوە بـۆ شـوێنی نیشـتەجێبوونی و خزمەتگوزاریـە بەردەسـتکراوەکانی وەك کارەبـا و ئـاوی خواردنـەوە و زێـراب، چونکـە پەرەپێدانـی مرۆیـی ئامانجـی سـەرەکی بەتەنهـا مرۆڤـە، بۆیـە مـرۆڤ بەئامرازێکـی گرنـگ دادەنرێـت بـۆ گەیشـتن بـە پەرەپێـدان ئەمـە وێـڕای ئـەوەی لەهــەر ڕەگەزێـك دابێـت.

**٢-٣.پێکهاتەی تەمەن و قوچەکی دانیشتوان:**

مەبەسـت لـە پێکهاتـەی تەمـەن چۆنیەتـی دابەشـبوونی دانیشـتوانە بەسـەر گروپـەکانی تەمـەن، ئـەم پیکهاتەیـە بایەخـی زۆري هەیـە لەبـواری نەخشەکێشـان و دارشـتنی سیاسـەتی گشـتی وولات لـە بـوارە جۆربـە جۆرەکانـدا، هـەر وەك چـۆن پەیوەنـدی بـە جـۆری چالاکـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و ژیـاری و دیمۆگرافییـەکانی دانیشـتوان هەیـە لـە رووبدیاریکردنـی تواناکانـی دەوڵـەت لەهێـزی مرۆییـدا و توانـای لەسـەر ڕاپەراندنـی خزمەتگوزارییـەکان و بـاری ئابـووری دەوڵـەت لەبەرهەمهێنـان و بەکاربردنـدا (اسـماعیل، ١٩٨٤، ص٨٦).

بـە ئامانجـی زیاتـر ئاشـنا بـوون بـە پیکهاتـەی تەمـەنی دانیشـتوان لـە هەرێمـی کوردسـتان هـەول دەدەیـن دانیشـتوان دابـەش بکەیـن بـۆ سـەر سـێ گروپـی سـەرەکی بـەم شـێوەیە:

**١-١-١. گروپی تەمەنە بچووکەکان (کەمتر لە ١٥ ساڵ):**

ئـەم گروپـە بـە بناغـە و بنکـەی قوچەکـی دانیشـتوانی دادەنرێـت، بـە شـێوەیەکی گشـتی ئەوانـەی دەکەونـە نیـو ئـەم دەسـتەیە بەکاربـەرن بـەو واتایـەی زۆربـەی تاکەکانـی ئـەم گروپـە نەچوونەتـە بـازاڕی کار و کارناکـەن، تەنهـا لەهەنـدێ کاتـدا نەبێـت ئەویـش لەئەنجامـی هێندیـك بارودۆخـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی کـە پـال بـە بەشـیك لـە تاکـەکاني نـاو ئـەم گروپـە دەنیت بەشێوەیەکی سنووردار بچنـە نێـو بـازاری کارەوە،جیـگاي ئاماژەیـە ڕێـژەی ئەوانـەی دەکەونـە نیـو ئـەم دەسـتەیە لەووڵاتێکـەوە بـۆ وولاتێکـی تـر جیـاوازە (حەمـە، ٢٠١٩، لا٢٤٢).

جیـگاي ئاماژەیـە کـە پسـپۆران و شـارەزایانی بـواری دیمۆگـرافی

بایەخـی زۆر بـەم گروپـەی  تەمـەن دەدەن, چونکـە بـە تاکـە سـەرمایەی ئاینـدەی دانیشـتوانی دەزانـن لـە هـەر کۆمەڵگایـەك هــەر ئەمەشــە وایکــردووە پلاندانــەران بایەخــی زۆري پــی بـدەن لـە دارشـتنی هـەر پلانیـکی پەرەپیـدان.

لــە ســەیرکردنی خشــتەی (٧) دەردەکەویــت ئەوانــەی دەکەونـە نیـو ئـەم گروپـە لـە ناوچـەی لیکۆلینـەوە لەسـاڵی ٢٠٠٩ ریـژەی نزیکـەی (٧,٣٥٪)ی کـۆی دانیشـتوانیان پێکهێنـاوە، کەچـی لەسـاڵی (٢٠٢١)ریژەکـە زیـادی کـردووە بـۆ (٣,٣٦٪)، هـۆکاری بـەرزی ئـەم زیادبوونـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ باشـبوونی خزمەتگـوزاری تەندروسـتی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری، ئەمـە وێـڕای باشـبوونی ئاسـتی گـوزەران و سیاسـەتی دانیشـتوان کـە خـۆی دەبینێتـەوە لـە هانـدان بـۆ ئەنجامدانـی هاوسـەرگیری و وەچەنانـەوە و زیادبوونـی منـداڵ بوون(المنـدلاوی، المصـدر السـابق، ص١٧٨).

**١-١-٢.    گروپي تەمەن مامناوەندەکان (١٥ تا ٦٥ ساڵ)**

ئـەم گروپـە دەکەوێتـە نێـوان هـەردوو گروپـی منـداڵ و پیـرەکان واتـە یەکـەم و سـێیەم، زۆر جـار بـە گروپـی بەرهەمهێـن یـان  چالاك ناودەبرێـت، کەتوانـای کارکردنیـان هەیـە و ئـەم گروپـە بەگرنگتریـن گروپەکانـی کۆمەڵـگا دادەنرێـت، چونکـە ئـەم گروپـە ڕاسـتەوخۆ لەنـاو هێـزی کاردایـە، ئـەم گروپـە ئـەرکی بەخیـو کـردنی هـەردوو گروپەکـەی تـری دەکەویتـە ئەسـتۆ  ئەمـە ویـراي ئـەوەی کـە دەوڵـەت هێـزی دیمۆگرافـی جێۆپۆلەتیکـی لـەو گروپـە وەردەگرێـت، هـەر بۆیـە بـەرزی ڕێـژەی ئـەم گروپـە بایەخـی زۆری هەیـە، چونکـە کار و بەرهەمهێنـان و هێـزی سـەربازی و بەرگـری کـردن لەخـاك بـەزۆری لەئەسـتۆی ئـەم گروپـە دایە(سـەعید، ٢٠١٤، لا٧٦).

**خشـتەی (٧) دابەشـبوونی ڕێژەیـی بـۆ دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان بـە پێـی گروپەکانـی تەمـەن بـۆ مـاوەی سـاڵانی (٢٠٠٩ – ٢٠٢١)**

| گروپی تەمەن | ٢٠٠٩ | ٢٠٢١ |
|---|---|---|
| | ڕێژەی (٪) | ڕێژەی (٪) |
| ٠ - ١٤ | ٣٥,٧ | ٣٦,٣ |
| ١٥ - ٦٤ | ٦٠,٣ | ٦٠ |
| و زیاتر٦٥ | ٤ | ٧,٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ |

سـەرچاوە: کاری توێـژەر پشـت بەسـتن بـە: سـەرچاوەی خشـتەی (١).

هـەر لـە سـەیرکردنی خشـتەی (٧) تیبینـی ئـەوە دەکریـت  کـە ئەوانـەی دەکەونـە نیـو ئـەم گروپـە لـە هەرێمـي کوردسـتان زۆرتریـن ریژەیـان پیکهینـاوە بـە جۆریـك ئـەم ریژەیـە لـە تـەواوي مـاوەي نیـوان سـالاني لیکۆلینـەوە زیاتـر لـە  (٦٠٪) تۆمـار کـردووە، بـەرزي ریـژەی دانیشـتواني ئـەم گروپـە لـە هەرێمـی کوردسـتان نیشـاندەرێکی ئەرێنییـە بـۆ هێـزی هەرێـم لـەڕووی دیمۆگرافیـەوە، چونکـە ئـەم دەسـتەیە کار و بەرهـەم هێنـان دەکەوێتـە سەرشـانی کـە دەتوانێـت بزوێنـەری بەرهەمـی نەتەوەیـی و گشـتی و گەشـەی ئابـووری بێـت، کەئەمـەش دەبێتـە هـۆی دارِشـتنی سیاسـەتی ڕاسـت و دروسـت بـۆ پەرەپێـدان بـۆ گشـت کایـە جۆراوجـۆرەکان.

هەروەهـا بەخێوکـەری بچـووك و گـەورە دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئــەم چینــە، ئــەم دەســتەیە یارمەتــی دەرە لەگەشــەی دانیشـتوان کـە توانـای وەچەنانـەوەی هەیـە، ئەمـە ویـرای ئـەوەی زۆرتریـن جوولـەی کـۆچ لەناوچەیـەك بۆناوچەیەکـی تـر لەنێـو ئـەم دەسـتەیەدا دەبێـت، هەروەهـا کاریگەرییـان لەســەر پەرەپێــدان دەبێــت چونکــە دانیشــتوانەکەی بەشــدارن لەزۆربــەی چالاکیەکانــی ئابــووری و ســەربازی و کۆمەڵایەتیەکان(البرزنجـی، المصـدر السـابق، ص١٢٦).

**١-١-٣.    گروپي تەمەن گەورەکان (٦٥ ساڵ و زیاتر):**

ئـەم گروپـە وەك گروپـی (تەمـەن بچووکـەکان) بەگروپێکـی مشـەخۆر و بەکاربـەر دەناسرێـن، هەروەهـا ئـەم گروپـە ژمارەیەکـی زۆر ڕەگـەزی مێینـە لەخۆدەگرێـت، بەتایبەتـی

بێوەژنـەکان، جیـگای ئاماژەیـە ریـژەی دانیشـتوانی ئـەم گروپـە بـەرز دەبیـت لـە وولاتـانی پیشـکەوتوو، ئەویـش بـە هـۆی کەمـی ڕێـژەی لەدایکبـووان بـە هـۆی پیادەکـردنی سیسـتەمی ڕێکخسـتنی خێـزان لـە ئەنجامـی بـوونی هۆشـیاری خێـزانی و ئاسـتی رۆشـەنبیری دانیشـتوانەکەی لـە لایـەك و کەمبوونـەوەی تیکـراکانی مـردن لەنێـو بەسـاڵاچووان و درێژبوونـەوەی تەمـەن لـە لایـەکی تـر، لـە حالیکـدا ئـەو ریژەیـە کـەم دەبیـت لـە وولاتانـی دواکەوتـوو، چونکـە دەسـتەی تەمـەن بچووکـەکان رێژەیـەکی بـەرز لـە سـەر حسـابی دەسـتەکانی تـر تۆمـار دەکـەن، (علـی، ٢٠١٠، ص٢٨٢).

ریـژەی ئەوانـەی دەکەونـە نیـو ئـەم گروپـەی تەمـەن لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە تـەواوی مـاوەی نیـوان سـالانی لیکۆلینـەوە لـە (٤٪) زیاتـر نەبـووە ئەمـەش ریژەیـەکی گونجـاوە چونکـە ئەگـەر ئـەو ریژەیـە لـە (٧٪) کۆمەلـگا زیاتـر پیـك بهینیـت، ئـەوا کۆمەڵگاکـە مەیلـی بـەرەو پیـری و بەتەمەنـەوە هەیە(أبـو عیانـة، ١٩٨٧، ص٢٤٢)، پالپشـت بـەم راسـتیە کۆمەڵـگای هەرێمـی کوردسـتان دوورە لـە پیـری و بەتەمەنـەکان.

**١-٢. هەرەمی (قوچەکی) دانیشتوان:**

هەرەمـی دانیشـتوان شـیوەیەکی بەیانیـە بـەکار دەهیندریـت بـۆ پیشـاندانی پیکهاتـەی تەمـەن و رەگـەزی دانیشـتوان، بەمجـۆرە هەرەمـی دانیشـتوان ئامـاژە بەرێـژەی گروپـی هـەر تەمەنێـك دەکات لەکـۆی گشـتی دانیشـتوان، ئـەم جـۆرە هەرەمـە بـە کێشـانی هێڵێکـی ڕاسـتی ئاسـۆیی و هێڵێکـی تـری سـتوونی دێتـەدی، هێلـی یەکـەم ژمـارەی ڕاسـتەقینە یـان رێـژەی سـەدی نێـر و مێـی هـەر گروپێکـی تەمـەن دەردەخـات و هێلـی دووەمیـش گروپەکانـی تەمـەن دەردەخات(الحسـناوی، ١٩٩٩، ص١٥١).

وینـەی کۆتایـی هەرمـی دانیشـتوان حالـەتی دیمۆگـرافی کۆمەلـگا پیشـان دەدات کـە ئایـا ئـەم کۆمەلگایـە لـە حالـەتی لاوی یـان پیگەیشـتن یـان پـیری دایـە. هەروەهـا هەرەمـی دانیشـتوان لـە هـەر ناوچەیـەك دەکەویتـە ژیـر کاریگـەری کۆمەلیـك فاکتـەری دیمۆگرافـی وەك لەدایکبـوون، مـردن، کـۆچ بەهـەردوو جۆریـەوە، ئەمـە وێـرای فاکتـەری جەنـگ کـە بـەزۆری دەکەوێتـە سـەر شـانی گروپـی گەنجـەکان و لەهەمـان کاتـدا ئـەم گروپـە بەرهەمـدارن لـەرووی ژیـان و ئابـووری یـەوە، سـەرەڕای ئەمـە کاریگـەری تـری وەك نەخۆشـیەکان و کارەسـاتەکانی سروشـتی.

لـە سـەیرکردنی خشـتەی (٨) و شـێوەی (١) بـەو راسـتیە دەگەیـن کـە کۆمەلـگای دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان کۆمەلگایـەکی لاوە بی جۆریـك بنکـەی هەرەمەکـە فراوانـەو تـا بـەرو لووتکـە برۆیـن وورده وورده تەسـك دەبیتـەوە بـە واتایـەکی تـر تەمەنـی دانیشـتوانی ئـەو هەرێمـە ڕوو لـە نزمـی یـە، بەڵگـەی ئەمـەش دەبینیـن سـەرەوەی هەرەمەکـە تەسـکە و ڕێـژەی دەسـتەکە بـەرەو نزمـی رۆیشـتووە.


**خشـتەی (٨) ڕێـژەی گروپەکانـی تەمەنـی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان بـە پێـی رەگـەز لـە مـاوەی نیـوان سـاڵانی (٢٠٠٩- ٢٠٢١)**

| گروپی تەمەن | ٢٠٠٩ | | ٢٠٢١ | |
|---|---|---|---|---|
| | نێر (٪) | مێ (٪) | نێر (٪) | مێ (٪) |
| ٠-٤ | ١٢,٩ | ١٢,٤ | ١٢,٥ | ١١ |
| ٥-٩ | ١٢,١ | ١١,٨ | ١٢ | ١١,٧ |
| ١٠-١٤ | ١١,٤ | ١١ | ١٢,٦ | ١٢ |
| ١٥-١٩ | ١٠,٥ | ١٠,١ | ١٠,٧ | ١٠ |
| ٢٠-٢٤ | ٩,٦ | ٩,٤ | ١٠ | ٩,٥ |
| ٢٥-٢٩ | ٨,٥ | ٨,٤ | ٩,٢ | ٩ |
| ٣٠-٣٤ | ٧,٥ | ٧,٤ | ٧,٢ | ٨ |
| ٣٥-٣٩ | ٦,٣ | ٦,٤ | ٦ | ٦,٥ |
| ٤٠-٤٤ | ٥,٢ | ٥,٤ | ٦ | ٦ |
| ٤٥-٤٩ | ٤,٣ | ٤,٥ | ٤ | ٤ |
| ٥٠-٥٤ | ٣,٣ | ٣,٦ | ١,٧ | ٢,٧ |
| ٥٥-٥٩ | ٢,٧ | ٣ | ٢,٨ | ٣,١ |
| ٦٠-٦٤ | ٢ | ٢,٣ | ٢,٢ | ٢,٣ |
| ٦٥-٦٩ | ١,٤ | ١,٦ | ١,٢ | ١,٣ |
| ٧٠-٧٤ | ٠,٩ | ١,١ | ١ | ١ |
| ٧٥-٧٩ | ٠,٦ | ٠,٥ | ٠,٩ | ٠,٩ |
| +٨٠ | ٠,٨ | ١,١ | ٠,٧ | ١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سـەرچاوە: کاری توێـژەر پشـت بەسـتن بـە: سـەرچاوەی خشـتەی (١).

لەژێـر ڕۆشـنایی ئـەو دەرئەنجامـەی کـە پێـی گەیشـتین لەسـەر تایبەتمەندییەکانـی پێکهاتـەی تەمەنـی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان کـە خـۆی لـە هێزێکـی کاری چـالاك و پێویسـت بـۆ پرۆسـەکانی بەرهەمـە جۆراوجـۆرەکان دەبینێتـەوە، ئەمـەش بەدەسـتەی تەمەنـی ناوەنـد نـاسراون و بـە کۆڵەگـەی سـەرەکی گەیشـتن بـە پەرەپێدانـی مرۆیـی دادەنرێـن، هەروەهـا دەسـتەی تەمەنـە بچووکـەکان خـاوەن سـەرمایەکی مرۆیـی گرنگـن، لێـرەدا دەتوانیـن پشـتیان پـێ ببەسـتین بـۆ بنیادنانـی کۆمەڵـگا بەمەرجێـك بارودۆخێکـی گونجاوییـان بـۆ دابیـن بکەیـن و پەرەیـان پـێ بدەیـن بەڕاسـت و دروسـتی، بۆیـە تـا بتوانیـن توانـا و توانسـتی بیرییـان پـەرە پـێ بدەیـن و ببنـە چینێکـی بەسـوود بـۆ کۆمەڵـگا، ئەمـەش لەڕێگـەی دارشـتنی پـلان و بەرنامـەی زانسـتی گونجـاو لەداهاتـوودا بەگەڕخسـتنی ئـەو سـامانە.

**شـێوەی (١)قوچەکـی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سـاڵی (٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: خشتەی (٨).

**١-٣. ڕێژەی بەخێوکردن (الاعالە):**

ڕێـژەی بەخێوکـردن پەیوەنـدی نێـوان هەرسـێ دەسـتەی سـەرەکی تەمـەن لـە کۆمەڵـگای دانیشـتوانی ناوچەیـەك ڕووندەکاتـەوە و بـە نیشـاندەرێکی گرنـگ دادەنرێـت بـۆ قەبـارەی هێـزی کار و بەرهەمهێنـان لـەو کۆمەڵگایانـەی کـە دەسـتەی گەنجانـی لـێ بـاڵا دەسـتە، بەواتایەکـی تـر ڕێـژەی بەخێوکـردن ئاماژەیـە بـە ڕێـژەی ئـەو دانیشـتوانانەی کـە بەشـداری چالاکـی ئابـووری دەکـەن و خزمـەت بـەو تاکانـەی کۆمـەڵ دەکـەن کـە هیـچ چالاکیەکـی ئابـووری ئەنجـام نـادەن ئەوانیـش هـەردوو دەسـتەی (یەکـەم وسـێیەم )لـە پـاڵ هەمـوو ئەوانـەی کـە دەکەونـە نیـو دەسـتەی گروپـی( دووەم) واتـە گروپـي لاوان کـە بێـکارن و هەلـی کارییـان دەسـتناکەوێت(الداودی، ٢٠٠٤، ص١٢٩).

بـە شـیوەیەکی گشـتی دەکریـت بلیـن ریـژەی بەخێوکـردن[٢] لـەو ناوچانـەدا کـەم دەبێـت کـە ناوچـەی ڕاکێشـانی دانیشـتوانن، ئەمـەش بەهـۆی بـەرزی ڕێـژەی ئەوانـەی تەمەنیـان لـە نێـوان (١٥-٦٤) سـاڵدایە لـە کـۆی دانیشـتوان، پێچەوانـەی ئـەو ناوچانـەی کـە بـە ناوچـەی وەدەرنـانی دانیشـتوان دادەنرێت(الطـائی، ١٩٨٩، ص١٣٠).

ئەگـەر ئامانجـی پەرەپیـدان بەرزکردنـەوەی ئاسـتی گـوزەران بیـت ئـەوا دەتواندریـت ئەمـە بـە دەسـت بیـت لـە ریگـەی کەمکردنـەوەی ریـژەی بەخیـو کـردن , بـە واتایـەکي تـر کەمکردنـەوەی بـەشي تاکـە کـەسي کارکـەرە لـە کـۆي دانیشـتوان هـەر بۆیـە پسـپۆران ریـژەی بەخیوکـردن بـە گرنگتریـن نیشـاندەري پەرەپیـدان هەژمـار دەکەن(محمـد، ٢٠٠٤، ص٥٦).

لـە سـەیرکردنی خشـتەی(٩) دەردەکەویـت کـە ریـژەی بەخیوکـەری نـزم لـە هەرێمـی کوردسـتاني عـیراق لـە مـاوەی

٢. دەرهێنانی ڕێژەی بەخێوکردن بەم هاوکێشانەی خوارەوە دەبێت:

ئـ: ڕێژەی بەخێوکردنی نزم = $\frac{\text{تەمەنە بچووکەکان (کەمتر لە ١٥ ساڵ)}}{\text{دانیشتوان لەتەمەنی کارکردندا (١٥ – ٦٤ ساڵ)}} \times ١٠٠$

ب: ڕێژەی بەخێوکردنی بەرز = $\frac{\text{تەمەنە گەورەکان (٦٥ ساڵ و زیاتر )}}{\text{دانیشتوان لەتەمەنی کارکردندا (٥١ – ٤٦ ساڵ)}} \times ١٠٠$

پ. ڕێژەی بەخێوکردنی گشتی = $\frac{\text{تەمەنە بچووکەکان (کەمتر لە ١٥ ساڵ) + تەمەنە گەورەکان (٦٥ ساڵ و زیاتر )}}{\text{دانیشتوان لەتەمەنی کارکردندا (١٥ – ٦٤ ساڵ)}} \times ١٠٠$

بڕوانە : (عزیز، السعدی، ١٩٨٤، ص٣٣٨).

نیــوان ســالانی لیکۆلینــەوە (٢٠٠٩-٢٠٢١) لــە نیــوان (٢,٥٩٪) و (٦,٥٩٪)بــووە , هەرچــی ریــژەی بــە خیوکــەری بــەرزە لەسـالی (٢٠٠٩) ریـژەی (٦,٦٪)ي تۆمـار كـردووە كەچـی ئـەم ریژەیـە دادەكشـیت بـۆ (٤,٦٪) لـە سـالی (٢٠٢١)، هـۆكاری ئەمــەش بــۆ زیادبــوونی ریــژەی مــردووان دەگەریتــەوە لــە نێـو دەسـتەی تەمــەن گــەورەكان بــە تایبــەت لــە ســاڵی (٢٠٢٠) بـە هـۆی بلاوبوونـەوەی فایرۆسی(كۆفیـد ١٩) كـە بـوو بـە مایـەی لەناوبـردنی ژمارەیـەكی زۆري خەلـك دیـارە پشـكی شـیریش بـەر تەمەنـدارەكان كەوتـووە.

ســەبارەت بــە ڕێــژەی بەخێوكــەری گشــتیش لەهــەر یــەك لـە سـالی (٢٠٠٩ )ریـژەی (٨,٦٥٪) تۆماركـردووە, كەچـی لـە سـاڵی (٢٠٢١) ریژەكـە هەڵدەكشـێ بـۆ (١,٦٦٪) هـۆكاری ئـەو زیادبوونــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ باشــبوونی بارودۆخــی ئابـووری و تەندروسـتی و سـەقامگیری ڕەوشی سیاسـی و ئاسایش و فەراهـەم بوونیـی خزمەتگوزارییـە كۆمەلایەتییـەكان دەگەریتــەوە.

**خشـتەی (٩) رێژەیـی بەخێوكـەری نـزم و بـەرز و گشـتی بـۆ دانیشـتوانی هەرێمـی كوردسـتان لـە مـاوەی نیـوان سـالاني (٢٠٠٩ -٢٠٢١)**

| ساڵ | رێژەی بەخێوكەری نزم | ڕێژەی بەخێوكەری بەرز | رێژەی بەخێوكەری گشتی |
|---|---|---|---|
| | ڕێژەی (٪) | ڕێژەی (٪) | ڕێژەی (٪) |
| ٢٠٠٩ | ٥٩،٢ | ٦،٦ | ٦٥،٨ |
| ٢٠٢١ | ٥٩،٦ | ٦،٤ | ٦٦,١ |

ســەرچاوە: كاری توێــژەر پشــت بەســتن بــە: ســەرچاوەی خشــتەی (١).

لەژێـر ڕۆشـنایی ئـەم بابەتـەوە دەگەینـە ئـەو دەرئەنجامانـە كـە ڕێـژەی بەخێوكـەری گشـتی لەهەرێمـی كوردسـتان بـەرزە، هەروەهـا ڕێــژەی بەخێوكــەری نــزم زۆر زیاتــرە لــە ڕێــژەی بەخێوكــەری بــەرز، ئەمــەش لــە ئەنجامــی بــەرزی ڕێــژەی تەمـەن بچووكەكانـە لەكـۆی دانیشـتوانی ناوچـەی لێكۆڵینـەوە. هــەر بۆیــە گــەر لــە توانــادا نەبیــت ڕێــژەی بەخێوكــردن نــزم بكرێتــەوە، ئــەوا پێویســت دەكات كار لەســەر باشــتركردنی جـۆری ژیــان بــۆ كۆمەڵــگا بكەیــن لەڕێگــەی باشــتركردنی جـۆری ئـەو خزمەتگوزاریيانـەی كـە پێشكەشـیان دەكرێـت لــەڕووی (فێــركاری و تەندروســتی و داهاتــەوە)، لەوكاتەشــدا ئــەوا بەگرنگتریــن فاكتــەری گەیشــتن بــە پەرەپێدانــی مرۆیــی دادەنرێــت.

**ئەنجامەكان**

توێژینەوە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١. ١- بەرزتریــــن ڕێــــژەی گەشــــەی دانیشــــتوان كەوتۆتــــە پارێــزگای دهــۆك بــە رێــژەی گەشــەی ســالانەی (١,٣٪) زیادیكــردووە، هــۆكاری بــەرزی ئــەم ریژەیــە بــۆ ئــەوە دەگەریتــەوە كــە پاریــزگای ناوبــراو هاوســنوورە لــە گــەل هــەر یــەك لــە پاریــزگای نەینــەواو وولاتی ســوریا لــە ئەنجامــی ناســەقامگیری رەوشی ســیاسی و ئاســایشی ئـەم ناوچانـە بـووە بـە مایـەی كۆچكـردنی ژمارەیـەكی زۆری دانیشــتوانەكانیان بــەرەو ســنووری كارگــیری ئــەو پاریزگایــە، لــە بەرامبــەردا كەمتریــن رێــژەی گەشــە لــە مــاوەي توێژینــەوە لــە پارێــزگای ســلیمانی بــووە كــە (١٧,٢٪) ســالانە بــووە, هــۆكاری ســەرەكیش لەمــەدا بــۆ ئـەو گۆرانكارییـە كارگێرییـە دەگەریتـەوە كـە پاریزگاكـە لـەم ماوەیـەدا بـە خـۆوەی بینیـوە كـە ئەویـش خـۆی لــە جیاكردنــەوەی قــەزای هەلەبجــە وەك پاریزگایــەكی ســەربەخۆ دەبینیتــەوە، بێگومــان ئەمــەش كاریگــەری نەرێنــی لــە ســەر پەرەپیــدانی مرۆیــی هەبــووە.
٢. دانیشـتوان بەشـێوەیەكی سـەرەكی لەهــەردوو پارێـزگای هەولێــر و ســلێمانی كۆبوونەتــەوە، كەچــی ژمــارەی دانیشــتوان كەمــترە لــەدوو پارێزگاكــەی تــر (دهــۆك ,هەڵەبجـە) هـۆكاری ئەمــەش بــە پلــەی یەكــەم بـۆ دابەشـبوونی نایەكسـانی چالاكیـە ئابووری و كۆمەڵایەتیـە جۆراوجــۆرەكان دەگەریتــەوە، ئەمــە ویــرای كۆچكــردنی ژمارەیـەكی زۆری دانیشـتوان لـە گوندەكانـەوە بـۆ شـارەكان بــە مەبەســتی دەســتكەوتنی هــەلی كار و باشــبوونی بــاری گــوزەران كــە بیگومــان ئەمــەش بــووە، كــە ئەمــەش ڕەنگدانــەوەی لەســەر نیشــاندەرەكان و ئاســتەكانی پەرەپێدانــی مرۆیــی لەهەرێمــی كوردســتان دەبێــت.

٣. ڕێـــژەی شارنشـــین لەبەرزبوونـــەوەی بـــەردەوام دایـــە بەتایبەتـــی لـــە پارێزگاکانـــی ســـلێمانی و هەڵەبجـــە و هەولێـــر، ئەمـــەش دەرئەنجامـــی زیادبوونـــی سروشـــتی و تەوژمەکانـــی کۆچکـــردن بەهـــۆی فەراهـــەم کردنـــی خزمەتگـــوزاری و کۆبوونـــەوەی دامـــەزراوە ئیـــداری و خزمەتگوزارییـــەکان لەســـەنتەری شـــارەکان،ئەوەش بـــە گرنگتریـــن هـــۆکار دادەنرێـــت کـــە کاریگـــەری لەســـەر پرۆســـەی پەرەپێـــدان بەگشـــتی و پەرەپێدانـــی مرۆیـــی بەشـــێوەیەکی تایبـــەت.

٤. لەژێـــر ڕۆشـــنایی ئـــەو داتایانـــە دەبینیـــن ڕەگـــەزی نێـــر بەرێژەیەکـــی کـــەم لەپێـــش ڕەگـــەزی مـــێ دایـــە لەهەرێمـــی کوردســـتان، ئـــەوە پێوەرنییـــە لـــە بوارەکانـــی پەرەپێدانـــی مرۆیـــی گرنگـــی و بایەخـــی پـــێ نادرێـــت، چونکـــە پەرەپێدانـــی مرۆیـــی ئامانجـــی ســـەرەکی بەتەنهـــا مرۆڤـــە، بۆیـــە مـــرۆڤ بەئامرازێکـــی گرنـــگ دادەنرێـــت بـــۆ گەیشـــتن بـــە پەرەپێـــدان ئەمـــە وێـــڕای ئـــەوەی لەهـــەر ڕەگەزێـــك دابێـــت.

٥. گروپـــی تەمەنـــی ١٥-٦٤ لەنێـــو پێکهاتـــەی تەمەنـــی دانیشـــتوانی هەرێمـــی کوردســـتان زۆرتریـــن ڕێژەیـــان پیکهینـــاوە بـــە جۆریـــك ئـــەم ریژەیـــە لـــە تـــەواوي مـــاوەي نیـــوان ســـالاني ليکۆلينـــەوە زیاتـــر لـــە (٦٠٪) تۆمـــار کـــردووە، بـــەرزي ریـــژەی دانیشـــتواني ئـــەم گروپـــە لـــە هەرێمـــی کوردســـتان نیشـــاندەرێکی ئەرێنییـــە بـــۆ هێـــزی هەرێـــم لـــەڕووی دیمۆگرافیـــەوە، چونکـــە ئـــەم دەســـتەیە کار و بەرهـــەم هێنـــان دەکەوێتـــە سەرشـــانی کـــە دەتوانێـــت بزوێنـــەری بەرهەمـــی نەتەوەیـــی و گشـــتی و گەشـــەی ئابـــووری بێـــت، کەئەمـــەش دەبێتـــە هـــۆی داڕشـــتنی سیاســـەتی ڕاســـت و دروســـت بـــۆ پەرەپێـــدان بـــۆ گشـــت کایـــە جۆراوجـــۆرەکان.

## ڕاسپێری

١. ئەمـەش وا دەخوازیـت کـە چـاو خشـاندنەوە بـە چۆنیەتـی دابەشـــبوونی پرۆژەکانـــی ئابـــووری و خزمەتگوزارییـــە جۆراوجـــۆرەکان لەنێـــوان هـــەر چـــوار پارێـــزگای هەرێمـــی کوردســـتان بکریـت، بـە شـیوەیەك هـەر پارێزگایـەك بەشـی خـــۆی پێبـــگات، بـــە مەبەســـتی دروســـتبوونی هاوســـەنگی لەدابەشـــکردنی پرۆژەکانـــی پەرەپێـــدان و کەمکردنـــەوەی جیـاوازی پەرەپێدانـی هەرێمـی و مرۆیـی لەنێوانیانـدا، کـە ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی لەسـەر نیشـاندەرەکان و ئاسـتەکانی پەرەپێدانـی مرۆیـی لەهەرێمـی کوردسـتان دەبێـت.

٢. بـۆ نەهێشـتنی جیـاوازی نێـوان شـار و گونـد لەسـەر پلاندانـــەران و پســـپۆرانی بـــواری پەرەپێـــدان پێویســـتە گرنگـــی و بایەخـــی زیاتـــر بـــەو گۆڕانکارییـــە بـــدەن و هەڵسـەنگاندنی بـۆ بکـەن بەگوێـرەی ئـەو داواکارییانـەی کـــە لـــە داهاتـــوو پێویســـتی پێیەتـــی، بەشـــێوەیەك بگونجێـــت لەگـــەڵ پـــلان و بەرنامەکانـــی پەرەپێـــدان لەهەمـــوو قۆناغەکانـــدا.

٣. هەروەهـــا دەســـتەی تەمەنـــە بچووکـــەکان خـــاوەن ســـەرمایەکی مرۆیـی گرنگـن، لێـرەدا دەتوانیـن پشـتیان پـێ ببەسـتین بـۆ بنیادنانـی کۆمەڵـگا بەمەرجێـك بارودۆخێکـی گونجاوییـــان بـــۆ دابیـــن بکەیـــن و پەرەیـــان پـــێ بدەیـــن بەڕاسـت و دروسـتی، بۆیـە تـا بتوانیـن توانـا و توانسـتی بیرییـــان پـــەرە پـــێ بدەیـــن و ببنـــە چینێکـــی بەســـوود بـــۆ کۆمەڵـــگا، ئەمـــەش لەڕێگـــەی داڕشـــتنی پـــلان و بەرنامـــەی زانســـتی گونجـــاو لەداهاتـــوودا بەگەڕخســـتنی ئـــەو ســـامانە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوە کوردیەکان؛

١. تالـب، جـەزا تۆفیـق،(١٩٩٩) گرنگـی جیۆپۆلەتیکـی دابەشـبوونی ژینگەیـی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، (١٩٥٧-١٩٨٧)، گۆڤـاری مەدەنیـەت، ژمـارە (٤)، سـاڵی یەکـەم، سـلێمانی.

٢. حسـین، سـەنگەر ئەحمەد،(٢٠١٥)شـیکردنەوەی جوگرافـی بـۆ هەلبژاردنەکانـی پەرلەمانـی هەرێمـی کوردسـتان/٢٠٠٩ و٢٠١٣، نامـەی ماسـتەر، کۆلیـژی ئەدەبیـات، زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر.

٣. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم، بەشـی دانیشـتوان و هێـزی کار، یەکـە کارگێرییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سـاڵی ٢٠١٩.

٤. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم، نەخشەسـازی، ڕووبـەری پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان، ٢٠٢١.

٥. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی

ئامـاری هەرێـم، بەشـی دانیشـتوان و هێـزی کار، ڕاپۆرتـی پێشـبینی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ مـاوەی ( ٢٠٠٩-٢٠٢١ )، (بڵاونەکراوەتـەوە) ٢٠١٤.

٦. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم، بەشـی دانیشـتوان و هێـزی کار، مەزەنـدەی ژمارەی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردستان لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا، قـەزا، ناحیـە، بـۆ مـاوەی ( ٢٠٢١-٢٠٠٩ )، (بڵاونەکراوەتـەوە) ٢٠٢٢.

٧. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم، بەشـی دانیشـتوان و هێـزی کار، مەزەنـدەی ژمـارەی دانیشـتوانی پارێـزگای هەڵەبجـە بـۆ سـاڵی ٢٠١٥، (بڵاونەکراوەتـەوە) ٢٠٢١.

٨. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم، بەشـی دانیشـتوان و هێـزی کار، ژمـارەی دانیشـتوانی پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سـاڵی ٢٠٠٩، (بڵاونەکراوەتـەوە) ٢٠٢١.

٩. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم، بەشـی دانیشـتوان و هێـزی کار، مەزەنـدەی ژمـارەی دانیشـتوانی پارێزگاکانـی هەرێـم بـۆ سـاڵی ٢٠١٥، (بڵاونەکراوەتـەوە) ٢٠٢١.

١٠. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم، بەشـی دانیشـتوان و هێـزی کار، مەزەنـدەی ژمـارەی دانیشـتوانی پارێزگاکانـی هەرێـم بـۆ سـاڵی ٢٠٢١، (بڵاونەکراوەتـەوە) ٢٠٢٢.

١١. حەمـە، سروە جـەلال،(٢٠١٩) گۆڕانـکاری دانیشـتوان لەپارێـزگای سـلێمانی لەمـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩٧٧ – ٢٠١٢)دا، تێـزی دکتـۆرا، بەشـی جوگرافیـا، کۆلیـژی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، زانکـۆی سـلێمانی , سـلێمانی.

١٢. سـعید، تەنکـە عثـمان،(٢٠١١) شـیکردنەوەیەکی جوگرافـی بـۆ دابەشـبوونی دانیشـتوانی قـەزای شـەقلاوە، نامـەی ماسـتەر، کۆلیـژی ئەدەبیـات، زانکـۆی سـەلاحەددین – هەولێـر.

١٣. سـلیم، هیـوا صـادق, (٢٠٠٥) شـیکردنەوەیەکی جوگرافـی بـۆ دابەشـبوونی دانیشـتوان لەقـەزای کۆیـە (١٩٥٧ – ٢٠٠٢) , نامـەی ماسـتەر , کۆلیجـی ئـاداب , زانکـۆی سـەلاحەددین , هەولێـر .

١٤. سـەعید، کامـەران تاهیـر، (٢٠١٤) جوگرافیـای عیـراق (مرۆیـی و چالاکـی ئابـووری)، چاپـی یەکـەم، نارین بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێـر.

٥١. کۆمـاری عیـراق، هەرێمـی کوردسـتان، سـەرۆك، فەرمانـی هەرێمـی ژمـارە (١٥٢)، ٢٠١٥.

١٦. محمـد، خلیـل اسـماعیل،(٢٠١٢) دۆزی کـورد لەنەخشـەی ڕۆژهەلاتـی ناوەراسـتدا، چاپـی یەکـەم , دەزگای چـاپ و پەخشـی حەمـدی، سـلێمانی.

١٧. هەرێمـی کوردسـتانی عیـراق، ئەنجوومەنـی وەزیـران، بڕیـاری بەپارێزگابوونـی هەڵەبجـە، ٢٠١٤.

**دووەم/ سەرچاوەی عەرەبی:**

١. أبـو عيانـة، فتحـي،(٢٠٠٠)، جغرافيـة السـكان، ط٥، دار النهضـة العربيـة، بـيروت.

٢. أبـو عيانـة، فتحـي محمـد،(١٩٨٧)، التحليـل الإحصـائي في الجغرافيـا البشريـة، دار المعرفـة الجامعيـة، الاسـكندرية.

٣. احمـد، پشـتيوان شـفيق،(٢٠١٥)، التحـول الديموغـرافي وعلاقتـه بالتنميـة الريفيـة في محافظـة السـليمانية إقليـم كوردسـتان العـراق، اطروحـة دكتـوراه , قسـم الجغرافيـا ونظـم المعلومـات الجغرافيـة , كليـة الاداب , جامعـة الاسـكندرية.

٤. إسـماعيل، أحمـد عـلي،(١٩٨٤)، أسـس علـم السـكان وتطبيقاتـه الجغرافيـة، الطبعـة الخامسـة، دار الفكـر العـربي، القاهـرة.

٥. البرزنجـي، حميـد عبداللـه صالـح،(٢٠١٥)، اتجاهـات التنميـة البشريـة المسـتدامة في إقليـم كوردسـتان_العراق بمنظـور الجغرافيـا السياسـية , اطروحـة دكتـوراه ,كليـة التربيـة للعلـوم الانسـانية , جامعـة الموصـل.

٦. جابـر، جاسـم، عامـر عبـود، ياسـين مـوسى،(٢٠٠٩)، تحليـل مكونات التنميـة البشريـة في الوطـن العـربي، كليـة الإدارة والاقتصـاد، جامعـة الموصـل، تنميـة الرافديـن العـدد ٩٧، مجلـد ٣١.

٧. الجبـوري، حسـون عبـود دبعـون،(٢٠١٤) التحليـل المـكاني لمـؤشرات التنميـة البشريـة في محافظـة القادسـية، اطروحـة دكتـوراه ( غـير منشـورة ) كليـة الاداب، جامعـة الكوفـة.

٨. الحديثـي، طـه حـمادي،(٢٠٠٠)، جغرافيـة السـكان، دار الكتـب للطباعـة والنـشر، ط ٢، جامعـة الموصـل، الموصـل.

٩. حسـن، چنـار محسـن،(٢٠١٨)، اثـر حركـة النـزوح وللجـوء عـلى تغـير حجـم والتركيـب السـكانى فى محافظـة دهـوك (٢٠١٥)، المجلـة اداب الفراهيـدى، العـدد ٣٢، كانـون الثـانى.

١٠. الحسـناوى، جـواد كاظـم، (١٩٩٩)، التبايـن المـكانى لخصائـص سـكان محافظـة بابـل، رسـاله ماجسـتير، كليـة الاداب، جامعـة بغـداد، بغـداد.

١١. حمـد، مخيـف جاسـم،(٢٠١١)، واقـع التنميـة البشريـة في العـراق في ضـوء مـؤشرات القيـاس الكمـي لدليـل التنميـة البشريـة، كليـة الإدارة والاقتصـاد، جامعـة تكريـت، مجلـة تكريـت للعلـوم الإداريـة

والاقتصادية، المجلد ٧، العدد ٢٢.

١٢. الخفاف، (٢٠٠٥) عبد علي، العالم الاسلامي – واقع ديمغرافي ومؤشرات تنموية، ط١، دار الضياء للطباعة والتصميم، النجف.

١٣. الخفاف، الريحاني، عبد علي حسن, عبد مخور, (١٩٨٦)،جغرافية السكان, مطبعة جامعة البصرة , البصرة.

١٤. الداودى، ماهية محسن،(٢٠٠٤)، قضاء طوز "دراسة في جغرافية السكان" رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة تكريت، تكريت.

١٥. الدعمة، ابراهيم مراد،(٢٠٠٩)، التنمية البشرية (الانسانية)، بين النظرية والواقع، عمان، دار المناهج.

١٦. الدليمي، الموسى، محمد دلف احمد الدليمي، فواز احمد،(٢٠٠٩) جغرافية التنمية : مفاهيم – نظريات- تطبيق، الطبعة الثانية، دار الفرقان للغات للنشر والطباعة والتوزيع , حلب , سوريا.

١٧. الريحاني،عبد مخور،(١٩٧٩)، التباين المكاني لتركيب السكان في محافظة البصرة، مجلة كلية الآداب، جامعة البصرة، العدد ١٤.

١٨. الزهيرى، طلال منيهل كريم،(٢٠١٩)، التباين المكاني لمؤشرات التنمية البشرية في محافظة ديالى، اطروحة دكتوراه، قسم الجغرافية، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة ديالى، ديالى.

١٩. زيني، عبدالحسين و أخرون،(١٩٨٠)، الاحصاء السكاني، دار المعرفة للطباعة، بغداد.

٢٠. السعدى، عباس فاضل,(١٩٨٠) دراسات في جغرافية السكان , منشأة المعارف، الاسكندرية.

٢١. السعدى، عباس فاضل، (٢٠١٣)، سكان العراق (دراسة فى اسسه الديموغرافية الجغرافية) ,ط١, الغفران للخدمات الطباعية, بغداد.

٢٢. سليم، ال مدرس، هيوا صادق، ساكار بهاء الدين عبدالله،(٢٠١٩)، التحليل الجغرافي للمشاريع السكنية المخططة في مدينة أربيل وأثرها في البيئة العمرانية، گۆڤارى زانكۆ بۆ زانسته مرۆڤایەتییەکان، بە رگی ٢٣، ژمارە ٦.

٢٣. الشبرى، حمادي عباس حمادي،(٢٠٠٧)، التنمية البشرية تطور المفهوم ومؤشرات القياس مقاربة في جغرافية التنمية، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، المجلد ١٠، العددان ١-٢.

٢٤. الشمرى، عماد مطير،(٢٠١٢)، الجغرافية السكانية (اسس و تطبيقات) , ط١ , دار اسامة للنشر والتوزيع , عمان.

٢٥. الشواورة، الحبيس، سالم علي، محمود عبدالله, (٢٠٠١)، جغرافيا السكان ( مدخل الى علم السكان ), ط١, دار صفاء للنشر و التوزيع, عمان.

٢٦. الطائي، لطيف هاشم كزار، (١٩٨٩)،خصائص السكان في محافظة واسط، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة البصرة.

٢٧. العانى، صلاح عثمان عبد صالح،(٢٠١٦)، تحليل التباين المكاني لمؤشرات التنمية البشرية في محافظة الانبار، اطروحة دكتوراه ( غير منشورة ) كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة الانبار.

٢٨. عزيز، السعدى، مكي محمد، رياض إبراهيم، (١٩٨٤)،جغرافية السكان، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.

٢٩. علاءالدين، عطا محمد،(٢٠٠٨) قضاء هەلەبجە - دراسة في الجغرافية الاقليمية، مركز الدراسات الكردية(كوردۆلۆجی)، مطبعة تيشك، سليمانية.

٣٠. على، يونس حمادي،(٢٠١٠)، مبادئ علم الديموغرافية، ط ١، دار وائل للنشر، عمان.

٣١. القصير، ابراهيم خليل سلطان،(٢٠١٧) الفساد المالى و الادارى واثره على مؤشرات التنمية البشرية فى العراق للمدة ٢٠٠٤ – ٢٠١٤، رسالة ماجستير، كلية الادارة والاقتصاد،قسم الاقتصاد، جامعة القادسية.

٣٢. لبيب، على لبيب،(٢٠٠٣)، جغرافيه السكان، الثابت و المتحول، ط ١، الدار العربية للعلوم ناشرون , تونس.

٣٣. محمد، على طلعت على، (٢٠٠٩)، جغرافية التنمية البشرية فى محافظة بنى سويف، رسالة ماجستير، قسم الجغرافيا، الكليه الآداب، جامعة بنى سويف.

٣٤. محمود، محمد حسن،(٢٠١٣) بناء مؤشرات احصائية للتنمية البشرية فى جمهورية العراق، قسم الاحصاء التطبيقى والاقتصاد القياسي، معهد الدراسات والبحوث الاحصائية، جامعة القاهرة.

٣٥. مختار، مختار محمد،(٢٠١١)، سكان مركز ميت غمر، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة المنصورة، المنصورة.

٣٦. المندلاوى, حيدر حسين عبد الستار رمضان، (٢٠١٤)، التباين المكاني لخصائص السكان في محافظة أربيل , أطروحة دكتوراه , قسم الجغرافية , كلية التربية للعلوم الإنسانية ـ ابن رشد , جامعة بغداد , بغداد.

٣٧. نجم الدين، احمد،(١٩٧٠)، احوال السكان في العراق، معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة.

٣٨. وهاب، سروه دشتي،(٢٠٢٠) الإمكانات الجغرافية للتنمية السياحية المستديمة في محافظة حلبجة، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين – أربيل.

**سێیەم/ سەرچاوەی ئینگلیزی:**

1. Bourne. Larrys.(1971). Internal structure of the city, Oxford Unversity Press, P..29
2. Michael. John S. & W,.(1999). A dictionary of Goegraphy, printed in Great British, ,P.256

**ملخص...**

يعـد موضـوع السـكان والتنميـة مـن ابـرز الموضوعـات الحيويـة في الوقـت الحـاضر والـذي يسـتحق الاهتـمام بـه والوقـوف عنـده بشـكل مسـتمر نظـرا لـبروز مشـكلات كبـيرة ومعقـدة جـراء التبايـن في فهـم هـذه العلاقـة، كـما وتسـهم دراسـة قضايـا السـكان والتنميـة في فهـم العلاقـات المتبادلـة والمتشـابكة بـين الظواهـر السـكانية و التنمويـة، ذلـك مـن خـلال تركيزهـا عـلى تحديـد وتحليـل أثـار المتغـيرات السـكانية عـلى عمليـة التنميـة الاقتصاديـة والاجتماعيـة والثقافيـة والسياسـية، ولذلـك تغـير حجـم سـكان المنطقـة بشـكل كبـير نتيجـة الزيـادة الطبيعيـة والهجـرة، مـما كان لـه في نهايـة المطـاف تأثـير سـلبي عـلى التنميـة البشريـة، لأن هـذا النمـو السـكاني السريـع أصبـح عائقـا أمـام نجـاح مشـاريع التنميـة الاجتماعيـة والاقتصاديـة وعـدم توفـير مسـتوى طلـب النـاس عـلى الخدمـات المختلفـة، بحيـث أن سـكان الحـضر في تزايـد مسـتمر، خاصـة في محافظـات السـليمانية وحلبجـة وأربيـل.

تكمـن أهميـة هـذه القضيـة في أنهـا ترتبـط بشـكل مبـاشر بحيـاة السـكان لأنهـا تعتـبر الأهـداف والآليـات الأساسـية للتنميـة، والغـرض الرئيـسي مـن هـذه الدراسـة هـو تحديـد تأثـير الخصائـص السـكانية عـلى التنميـة البشريـة في كوردسـتان منطقة.ومـن أبـرز نتائـج الدراسـة أن نسـبة سـكان الحـضر في تزايـد مسـتمر عـلى المسـتوى الإقليمـي (٧٨٪) بينـما كانـت نسـبة سـكان الريـف (٢٢٪) إقليـم، وبحسـب نتائـج الدراسـة كانـت الفئـة العمريـة بـين ١٥-٦٠ هـي الفئـة الأكـبر (٦٠٪) عـلى المسـتوى الإقليمـي.

## Abstract

The issue of population and development is one of the most important and vital issues at the present time, which deserves attention and standing with it continuously due to the emergence of large and complex problems due to the disparity in understanding this relationship, and the study of population and development issues contributes to understanding the interrelationships and intertwining between population and development phenomena. Through its focus on identifying and analyzing the effects of population variables on the process of economic, social, cultural and political development

The population size of the region has changed dramatically, with large numbers of people migrating from rural to urban areas, which has ultimately had a negative impact on human development. Because of this rapid population growth, it has become an obstacle to the success of social and economic development projects and not providing them the level of people's demands for various services, so that the number of urban residents is constantly increasing, especially in the provinces of Sulaimani, Halabja and Erbil. The importance of this issue lies in the fact that it is directly related to the life of the population because it considers the basic goals and mechanisms of development, and the main purpose of this study is to determine the impact of population characteristics on human development in the Kurdistan Region

. One of the most obvious results of the study is that the proportion of urban residents is constantly increasing at the regional level (%78) while the proportion of rural residents was (..(%22 According to the results of the study, the age group between 60-15 was the largest group (%60) at the regional level.